

# باڵندەکانی گیرفانی تاڤگە

شیعر

ناهید حسەینی

کوردستان ٢٠١٨

ناوی کتێب: **باڵندەکانی گیرفانی تاڤگە**

نووسینی: **ناهید حسەینی**

دیزاین: **لوقمان رەشیدی**

تیراژ: **٥٠٠ دانە**

ژمارەی چاپ: **یەکەم ٢٠١٨**

چاپخانە: **چاپخانەی**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان**
**ژمارەی سپاردنی (١٦٢٣) ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە.**

خوێنـــەری بەڕێــز، ئــەم کۆمەڵــە شــێعرە بەرهەمــی ٢٢ ساڵ ئەزموونـی نووسـینی منـە لـە بـواری شـێعردا. وەکـوو دەبینــن ڕێــژەی شــێعرەکان بــۆ ئــەو مــاوە دوور و درێــژە زۆر کەمــە. هۆکارەکەشــی ئاڵۆزبوونــی ڕەوتــی ژیانــی خۆمـە و ئـەو قۆناغانـەی کـە لـە ژیانـی خۆمـدا بڕیومـن و تێمپەڕانـدوون و کاریگەریـی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆی ئـەو قۆناغانـە لەسـەر بیـر و هـزر و نووسـینی مـن. هـەر بۆیـەش هـەرکام لـەو شـێعرانە لـە ماوەیەکـی زەمەنـی زۆر لـە شـێعری پێـش خۆیـان لەدایکبـوون. ئـەوەش وایکـردووە کــە کــەش و هــەوای زاڵ بەســەر ســاتەوەختی نووســینی ئـەو شـێعرانە زۆر لـە یەکتر جیـاواز بـن و ئـەو جیاوازییەش بــە شــێعرەکانەوە دیــارە. ســەرەڕای ئــەوەش ئــەو مــاوە زەمەنییــە خــۆی لــە دوو قۆناغــی ســەرەکییدا دەبینێتــەوە. پێـش ئـەوەی وەکـوو پێشـمەرگەیەک ڕاسـتەوخۆ تێکـەڵ بـە کاروانــی شۆڕشــگێڕانی خەباتێکــی ڕەوای نەتەوەیــی بــم و

پاش ئەو ڕووداوە گرینگە لە ژیانمدا. هەربۆیەش بە پێویستم زانی بەپێی ئەو دوو قۆناغە شێعرەکان لە دوو بەشدا ڕێکبخەم. بەشی یەکەم بە ناوی «کەرویشکەی خەیاڵ» کە لە باری ناوەرۆکەوە زیاتر شێعری هەستۆکی و بەجۆرێک زیاتر بەرهەمی هەژانی دەروونی خۆمن لە باری کۆمەڵایەتی و هەستیارییەوە و بەشی دووهەم بە ناوی «لە شووشەوە تا برین» بەرهەمی ئەزموونەکانی ڕۆحێکی شۆڕشگێڕن و کاریگەریی ئەو کەش و هەوایەیان لەسەرە. بەڵام ئەگەر بمەوێ لەگەڵ خۆم و ئێوە ڕاستگۆ بم، زۆر ساتەوەخت و ئان و ساتی سەختیش هەبوون لەو ماوەدا کە کاریگەرییان هێند بەهێز بووە لەسەرم کە لەتوانامدا نەبووە لە شێعرێکدا وێنایان بکەم. لەوانە کۆچی دوایی باوکم و یان شەهیدبوونی بە دەیان هاوڕێی ئازیزم لە ڕیزەکانی خەباتدا.

**ناهید حسەینی**

# کەروێشکەی خەیاڵ

# جادە

کووچە و کۆڵانی هات‌ونەهات
ماندووی کردی و
نەگەیشتیتە بەردەرکەی ئەم دڵە عاشقەم
ئێستا کە هاتوویت
پیرتر لە سیاسەت و
بێقەرارتر لە عەشق و
بەپەلەتر لە تەمەن
چیم هەیە بتدەمێ
جگە لە تاڵێ قژی سپی و ئەو بیرەوەرییانەی
بە ژانی ئەم شەوە بەڕەڵڵایەم ئەسپێرن

وەرە نێو دۆزەخیترین بەهەشتەکانی من

با ئاگری ئەم بەهەشتە بەلەعنەت کراوەت پێببەخشم

قەدەرێکی درەنگ وەختە
خەزەڵوەرە و بەهار
قەرەجێکی پیری سەرگەردان
قەدەرێکی درەنگ وەختە
بەهار درۆیەکی زەقە و
پاییز ڕاستییەکی سارد

من لە سەرگەردانیی ئەم جادەیەدا
ون دەبم و ناگەڕێمەوە
ئەم جادەیە
پڕە لە ساتە مردووەکان و
چرکەی کاتژمێر
مەرگ ئەنووسێتەوە

ئێستا کە هاتوویت مەڕۆ
مەڕۆ با ڕێگام لێ نەبان نەبێت

جادە ئەڕوات و من لە غوربەتی ڕۆژگارەکانم ناگەڕێمەوە
مەڕۆ
با عەشق و تاسەم لێ نەبان نەبێت
بەم جادە بێکۆتاییەم مەسپێرە

لەو وێستگەیەدا
کەس چاوەڕێی گەیشتنی من نییە
مەڕۆ
با خەیاڵم لە برکی بێئەنجامیی ئەم قەدەرەدا ون نەبێ

جادە ئەڕوات و
من لە ڕێحانە بۆنی ئەم شەوەدا
خەیاڵ ئەگریم

مەڕۆ
ئێستا کە هاتوویت مەڕۆ
نەبادا
شێعر ونم بکات.

زستانی ١٣٨٢

# بیانوو

بووکە شووشەم ئەوێ
_ وست بە و بسرەوە
بازنە و گوارەم ئەوێ
_ بێدەنك بە و بسرەوە
شانە دارە دووسەرەکەی هەجیجیم ئەوێ
_ شوێن کۆچی بێوادە کەوتووی
ئاوێنەم ئەوێ
کراسی ڕەنگ پەمەیی و
کل و کلدانم ئەوێ
دڵم بوورایەوە دایە
منیش گۆزەی سوورم ئەوێ
ڕێگەی کانی بانگم ئەکا و

کانی چاوشارکێم لەگەڵ ئەکات
_ شەوارەیە ڕۆڵە
چاوی کانی پڕ لە سەرابی خەوە
نەکەی بخڵەتێی
دوێنێ شەو
وێنەی «ناهید»ی نێو کانیم شڵەقاند
_ تاوانباری تۆبە بکە
تۆ...بە...دا...یە
لە کراس و شانە
لە بازنە و گوارە
نەك لە بیانووی ئەمجارەم

***

ڕەقترین وشەی مەکەی تۆ
بۆ گەورەترین بیانووی ژینم
بێدەنگ لە دەروونما پەنگ ئەخواتەوە
ئیتر تۆ نیت
خۆم مەکەی خۆم ئەکەم
گرەزۆکەی ئەمجارەم
بووە بە فرمێسکی بێدەنگ
پیرانیشم، ژانێکی بێدەرمانە
سەیرم کە، چۆن پڕووکاو...هەڵپروام
سەیرم کە، لە دۆزەخی ئەوینی خۆمدا
چۆن گێنگڵ ئەدەم

بڕوانە چۆن ڕەنگی مەکە
لە نێو هەزار ڕەنگدا ئەناسمەوە
چۆنم ئاگا لە کراسی ڕەشی بەربەستەکانمە
حەزی کراسی پەمەییم تیا مردووە
سەیرم کە، چۆن بە بێ تۆیش سرەوتووم

ساڵەها بوو ژینت
بە کەڵکیتی پەنجەی دایکت ئەکوتا
پەنجەکانی من بە سکڵی بیانووەکانما چزان
بلۆقیان کرد
زینچکاوی ژانە ژنیان لێ ئەتکێ
بە کام تان تەونی ژیانم هەڵبەستم
بە کام پۆ ڕەنگی خەمم بنوێنم
نە «تان»م تانە ... نە «پۆ»شم ڕەنگی ماوە

***

بێزوو بە خاك ئەکەم
ژانی کچ ئەمگرێ
بێزوو بە دەنگ ئەکەم
ژانی تریشقە ئەمگرێ
بێزوو بە ئاسمان ئەکەم
ژانی فڕین ئەمگرێ و
باران...باران...باران
بێزوو بە ڕەنگ ئەکەم و

پەلکەزێڕینەم ئەبێ

***

لە پەنجەرەیەکی تەماوی ئەچم
لە ئاسمانێکی تەڵخ و
لە دیارێکی نادیار و
لە شیعرێکی هەڵفڕیو
نە بیانووی قاشوولکەم ماوە
نە دەنگی هەجیجی
حەزی بازنە و گوارە و شانەم تیا ئەبووژێنێتەوە
ئەوەی تیاما نەگۆڕاوە
هەتا ئەمڕۆ پارێزراوە
بێزووی خاکە...
گەر هەزاران جاری دیکەش
وەکوو ئەوسا
نەك هەر خاکی گڵەجانەکەی «دۆزەخدەرە»
هەر خاکێ بێ، قووتی ئەدەم
سەت ئەوەندەشم لێدەیت
تۆزقاڵێکی تف ناکەمەوە

***

دایکت بێزووی بە خاك کرد و
تۆی بوو
تۆ بێزووت بە خاك کرد و
منت بوو

من بێزووم بە خاك کرد و
کچم بوو

***

دایە...دایە
تاوانەکەت زۆر گەورەیە
بێزووت بە خاك کرد و
ئەستێرەیەکت کرد بە ناوم
نە بە دەرزیلەی گەورەکچان
نە بە دەسرەی جەحێڵان
بە شێوەش
ناچمەوە ژێر سێبەری ئەناهیتا
من بێزووی خاکم
ئەو بێزووی ئاو و پاکی
تۆ بێزووت بە خاك کرد و
لە وشکەساڵێکدا منت بوو
هەتا ئەمڕۆ زبانم پێیەوە وشکە

تۆ چووزانی
لە دەروونی ئەم وشکەساڵەمدا
چۆن برووسکە ئەگرمێنێ
چۆن باران بە شەستە ئەبارێ
چۆن لافاو هەڵمئەگرێ
لە دواییشدا

سەرئەنێم بە کەناری ڕۆحی خۆمەوە و
بە گەرداوی خەمی خۆمدا ڕۆ ئەچم و
نوقم ئەبم

***

تاوانباری دایە...تاوانبار
تۆ بێزووت بە سێو کرد
لاقی من بە بەهەشتەکەی ژێرپێمدا چزا
تۆ بێزووت بە گەنم کرد
من بووم بە برێشکە
من لەدایك نەبووبووم
تۆ دەسرازەت بۆ ساز کردم
من هەوڵم بۆ ئازادی دا
تۆ شەتەکت دام
من هەوڵی فڕینم دا
تۆ شاباڵت قرتاندم
پەیڤین لە دەروونمدا کلّپەی سەند
تۆ دەنووکت شکاندم
من قاسپەم هات
تۆ قەفەزت بۆ ساز کردم
تۆ چووزانی
قاسپە لە قەفەزا چەند خەمگینە
چۆن ئەخنکێ و ناگاتە کەس
تۆ چووزانی

کە ڕەنگی دەنگم کاڵەوە بوو
چۆن ڕەنگەکانی تریشم مانیان گرت و کۆچیان کرد
هەر وەکوو کۆچەکەی هەجیجی و
هەموو بیرەوەرییە خۆشەکانی نێوسندووقەکەی ملی
ڕەنگەکانی تریشم کاڵەوە بوون
وەکوو حەزی کراسی پەمەیی و
گڵەجانەکەی «دۆزەخدەرە» و
بۆنی خۆشی خاك
لەدوای تاوەبارانێکی بەپەلە
تۆ چووزانی
کە ئاوازت لە گەرووما خنکاند
چۆن پەڕەسێلکەی هەستەکانم ڕەشیان پۆشی و
کەس ئازیەتی نەشکاندن

***

تاوانباری دایە...تاوانبار
گڕت گرت،
باوەشی ئاگرینت بۆگرتمەوە
کڵپەم سەند
بە بۆکڕووزی تۆوە
سووتان و یاخیبوونم لا مەزن بوو
بۆنی غەدرت هەڵمژی و بەرلووتت نەگرت
ئێستە، بینی من پڕە لە بۆنی غەدر و
غەدر لە خۆم و کچەکەم ئەکەم

له بەربەستەکان هەڵکەوتی
سەرت شکا
له بەرپێی منت لانەبرد
تۆ چووزانی دایە
کە له بەربەستەکان هەڵئەکەوم
چۆن ئەگلێم و ئەگەوزێم
تۆ چووزانی
له ئارەزووی فڕینمدا
چۆن سەری خۆم
بە دار و دیوار و پەنجەرەی ژوورەکەمدا ئەدەم و
ڕۆحی ماندووم بریندار ئەبێ
تۆ چووزانی
ئەفسوونی عەشق
چۆنم لە سەراب هەڵئەکێشێ و
ڕێگەی کانی چۆنم بەشەوارە ئەخات
وەی لەو ئەفسوونە، چەند پیرۆزە
بە هەموو گومان و سەرابیەوە
تۆ چووزانی
بێقەراری چییە و چۆن وەکوو ئاڵ
وەك وەیشوومە
لەسەر دڵم توند ئەبێ و
خۆشەویستی
له قەواخی ژن بوونم ئەدرێ

چۆن باوەڕم بەو یاسا بێت
بە بەهەشتێك لەژێر پێمدا فریوی دام

تۆ بێزووت بە خاك کرد و من بە تاوان
تۆ منت بوو،
من تاوانم ئەبێت،
تاوانێك  مەزنتر لە بێتاوانی

پاییزی ١٣٨٠

پیران: بوورانەوەی پاش گریانێکی بەکوڵ
قاشوولکە: لەیستۆکی یاریی منداڵان
دۆزەخدەرە: گوندێکی سەر بە شاری سەقز (زێدی نووسەر)، دوزەغەرە
قەواخ: سێدارە

# پێکێك لەگەڵ ئەهریمەندا

ئەمەیان وەرزێکی ترە
لە منەوە سەرهەڵئەدا
وەرزێکی ساردی سووتێنەر
دەنگێك لە منا
سەر بە هاوار و قریشکەیە

با ئەمجارەیان
لە ئاوەوە دەست پێبکەم
بەڵکوو باران
تەلیسمی ئەم سەرابەم بشکێنێ

ئەم وەرزە لە قاقڕی خۆیدا خنکاوە

ڕۆحم هەناسەی مەرگی لێئەچۆڕێ
من سەما ئەکەم

یەك...دوو...سێ
یەك...دوو...سێ

من و سەراب
پەنجە بە پەنجە سەما ئەکەین و
ئاسۆیەك بەڕێوەیە
نە سوورە...نە کەسك
نە زەرد...نە سپی

وەرزێکی تر دەست پێئەکات
وەرزی درۆ ڕەنگاڵەکان
وەرزی ئەشقە ڕزیوەکان
وەرزی عاشقە وەریوەکان

شەیتان لە جەستەی ئەم وەرزەدا
کڵپە ئەسێنێت و زیکر ئەکات

دەبا لە شەیتانەوە دەست پێبکەم
بەڵکوو شەیتان
ئەلفوبێی ئەم تۆبەیەم دابات

سوژدە بۆ بەرد ئەبەم
ئاگری سەمای من و شەیتان
ساردێکی دەم بە بوڕکان و
بوڕکانێکی دەم بە شەختەیە

سەر بە سوژدەی کوفرەوە ئەنێم
وەرزی پاکژ بوونەوەیە لە پاکی
وشەی تۆبە
لە مابەینی لاپەڕەکانی هەڵئەوەرێ

لێگەڕێ..
لێگەڕێ...
با گرێی چارەنووسم بە شەیتانەوە
لە گێژاوی لۆمە دەرمبێنێ

شووشەی شەو ئەشکێنم
سەمایە ......سەما

لێگەڕێ...
با چاوم بەسەرابی ئاسۆی
ئەم وەرزە تەماوییە ڕابێنم
با خۆم ڕۆحم دەستەمۆ بکەم

بۆ سووتان
بۆ سەما و ڕامووسینی لێوی شەیتان

سەیرکە چۆن چۆنی
لە دەروازەی ئەم وەرزە عاشقە ئەدەم و
قەدەغەی دیدارێك ئەشکێنم

نەردی عەشقە
بەختی خۆمی تیا هەڵداوێم

دە با لە عەشقەوە دەستپێبکەم
عەشق
ئەو وەرزە کەسکەی
تخووبەکانی پاکژی و گوناه
لە چێژی شەوێکی من و شەیتان ئەنووسێتەوە

یەك...دوو...سێ
یەك...دوو...سێ

من و شەیتان
شووشەی ڕۆژ ئەشکێنین
سەمایە... سەما

لەززەتی گوناهی چاوی شەیتان
لە جامەکەی دەستما شەپۆل ئەدا
دە با ئەم جامە بخۆمەوە و
نیگا ئەویندارەکان
بە تخووبەکانی گوناهێکی بەتام و چێژەوە هەڵواسم

سەر بە سوژدەی گوناهەوە ئەنێم
پاکژیی وەرزە ئاڵتوونییەکان
بە شەوێکی ئامێزی شەیتان ئەدۆڕێنم

لێگەڕێ...
لێگەڕێ...

شەوی شەراب و شێعر و شەیتانە
ڕۆحم سەما ئەکا و
شووشەی شەرەفێك ئەشکێنم

یەك...دوو...سێ
یەك...دوو...سێ

سەمایە...سەما

شەراب سوور ئەمخواتەوە

شێعر کەسك ئەمنووسێتەوە
شەیتان خۆمێکی جوانە
خۆم گڕم
سوژدە بۆ خۆم و گڕ ئەبەم

لێگەڕێ...
با ملیۆنەها ساڵ دوای حەوا
بێزار لە یاسای ئادەمەکان
پێکێك لەگەڵ شەیتان هەڵدەم

دەبا مەستی لەم گێژاوە دەرمبێنێ و
لەودیوی بوونەکانەوە
شەپۆلەکانی سەرخۆشی،
ڕۆحێکی بێئەنوا
بەرەو ساباتی وەرزێکی شین بەرنەوە.

زستانی ١٣٨١

# سپێدە

ئەوە تۆ بوویت
بەرائەتت لە چاوە ترساوەکانی ئیسمائیلدا
کردە قەسیدەیەك
بۆ خوێندنەوەی کەرامەتی ئیبراهیم
ئاگرت نایە لەپی مووسا و
مێژوویەکت تۆمار کرد
لە سووتان و بۆکڕووز
عیسات بەو دەردە برد و
خاچێکی خوێناویت
کردە ڕووسووریی نەتەوەیەك
بۆ باکیرە بوونی «مەریەم» ێك

تۆ بوویت
عاشقت کردە قوربانیی عەشق و
سەمفۆنیای پاییزت بۆ دوا گەڵا تۆمار کرد و
بێباکانە
نۆتەی مەرگت لەسەر سنگی شلێرە
بۆ دوا شەهید بەڕێ کرد.

ئێمە لە چارۆکەی پڕ مەکری «حەوا» بەربووینەوە و
بووینە خەنجەری بەر پشتێنی ئادەم
لەسەر مێزی یاساکان ترووکاین و
تف لە شەرافەتمان کرا.
دڵتەنگی بۆ دڵمان گریا و
گریان....
چرپەی نیوەشەوی عاشقانی بەندکراومان بوو.

ئێمە نەفرەتمان لە دڵی ڕەشی شەوەزەنگ کرد و
شەوەزەنگ
داوڵێکی بێدڵ بوو

وەك هەمیشە درەنگ گەیشتی حەیاتم
ژیان بەر لە گەیشتنی تۆ کوشتمی
گەمژەم گەر باوەڕ بکەم
لەم سیاساڵەدا

دەستەکانت بەخشەندەییان لێ‌ئەبارێ

بێزارم... بێزار
بە سێ تەڵاق هەستم دۆڕا و
کاڵفامانە...
خووم بە ناشەرعی بوونی ژیانی خەونەکانمەوە گرتووە.

ماندووم...
ماندوو لە چاوەڕوانیی ئەو مەرگەی
بە سەر دەستی ژیانەوە گیان ئەدات.

لەم زەمهەریرە ناگەڕێمەوە
ئەمە وڵاتی حەللاجەکانە و
بێهوودەیە چاوەڕوانی سپێدە بیت.

وەرە با هەزەلیترین گۆرانیمت بۆ بڵێم
شێعرێکی فسفۆڕیت بۆ بنووسم و
مەستانە پێکەنین....
بە گومانی دۆڕانمان...

وەرە با عاشقانە بگرین بۆ نیشتمان و
لە چاوی سێدارەوە بڕوانین
بۆ ئەو چاوانەی

سپێدە نابینن.

سلێمانی ٢٠٠٧/٨/٢٦

# لە حەسرەتی بارانێکی کۆچکردوودا

نیگا لە سەرەتاتکەی ڕۆژانیکا ئەڕوێنم
خولیای شەو پڕی خەونی بالآیانە
ئەڕۆم سروودی چاوشینی وەرزەکان
سەرابی خەونەکانم
بە مۆنیی چاوە خۆڵەمێشییەکەی زستان بسپێرن

***

سەرپەنجەم گوڵ ئەگرێ
دڕك ئەنووسێ
ئەڕۆم باران لە چاوی کولووە بەفرا ببارێنم
ترێ ڕەشکەی چاوی تۆش
لە خومی هەزارساڵەی عەشقێکدا

***

گۆرانی بۆ شەو ئەڵێم
لایەلایە بۆ ڕۆژ

***

چیم داوە لە بەهارێ
ئاشنای من نییە؟!
بۆ عاشق بەو پاییزە نەبم
خەون خەون هەڵئەوەرێ و
لە یادی بیرەوەرییەکاندا ئەڕووتێتەوە؟!

***

هەموو مەراقی من ئەو قوڕاوەیە
نە کەس گوێلێکی لێ ئەخواتەوە
نە کەس
پاکیی ڕوخساری تیا ئەشوات.
خەیاڵێکە
تۆی تیا نەڕوێی
تۆی تیا نەدوێی
مەراقێکە
پڕی غوربەتی ساتە عاشقەکانم نەبێت

***

ئەڕۆم ساتەکان بنووسنەوە و
خەونەکانیشم بە بەرزەخی خەیاڵ بسپێرم

_ گیانە لە غوربەتا مەڕوێ

با دەستە غەریبەکان
هەستەکانت نەچننەوە

ئەڕۆم و غوربەتی چاوت
لە غوربەتی شارێکدا لە یاد ئەکەم
خەیانەتی فرمێسکەکانیشم
لە دەمامکی پێکەنینێکدا

***

دوێنێم تۆ...
ئەمڕۆم...؟!
بریا نەمزانیبا کێم

***

دوژمن پڕی پیلانی پێکەنین
تۆ پڕی بێدەنگی
من خودی بێدەنگی...
تۆ چەند لە بێدەنگی ئەچیت

***

ئاخ ئەشرەفی!
ئەم کانیاوە تینوویەتی بیابانی سبەی ڕۆژم ناشکێنێ
بیرت ئەکەم
چەند تەنیا بووین لە عەشقمانا
چەندە غەریب لە ئاوازەکانی دڵداریدا
بێهودە بوو دڵخۆشیمان

بە پاکیی ئێوارەیەك
لە ڕووناکیی مێهرەبانی نێئۆنەکاندا و
دەستبەدەست بوونی جگەرەیەك
لە مەکری پێکەنینی کرێوەدا

***

ڕەش ئەمانبینن
ئەماننووسن
چەند بێگەردین لە پڕگەردیی ئەم گەردوونەدا

***

پاکیزەکان
بە تەزبێحێك چورتکەی تاوانمان دائەخەن
فەتوای مەرگمان بۆ ئەدەن
چەند بێتاوان لە دار ئەدرێین
لە هەستماندا چەندە تەنیاین

***

سەلاممان دۆڕاند
دۆڕاندن سەلامی لێکردین
شکاین
ورد بوون کردمانی بە ئاوێنە

***

ئاخ ئەشرەفی
دڵنیام خوا عاشق بوو
ئەو ڕۆژەی عەشقی خولقاند

خورپەی ناسی
دڵی خولقاند
پیاو بوو
ژنی خولقاند
ئەو عەشقی خولقاند
عەشقیش ئێمە...
داخورپاین...
ڕاچڵەکاین...
چەند ترسنۆك عاشق ئەبین
چەندە شەرمن هەست ئەناسین
***
تۆ غەریبی شارەکەت
من هەستی خۆم
ئەڕۆم
بەڵکوو ئەمجارەیان
با تۆمارم کاتەوە
عەشق بمنووسێتەوە
ڕووبار خوێنەرم بێت و
شەپۆلەکانی وەرزی غوربەت
ناسنامەی کۆچم بن.

بەهاری ــ ١٣٨٤

# کات لە سێ کاتدا

بۆ کۆچە سوورەکەی ژیلا

کات چۆکی شکا
هاوار
لە قوڕگی سکاڵادا قەتیس ما
ئاسمان
بێتروسکە شەڵاڵی شەوە
چەم بێدەنگ
شەوبا شەکەت
لەسەر سینگی شەرگە شەمارە ئەکات
زەوی
ئاڵ گرتوو... هەناسە نادات
شەقامی مۆن
بەسەریا شەتەك دراوە

***

کازیوە
بەشەرمەوە سەریهەڵدا
شەختە دڵی خۆری ڕچاند
«بەهارێکی کەم تەمەن»
خزایە باوەشی پاییز
کات کۆستی کەوت
مۆتەکە
قاقای کێشا
ئاڵ شەوچرایەك بوو
چاوی هیوای شەوارە ئەخست
هاوار
قوڕگی سکاڵای دڕاند و
یەخەی ئاسمانی ڕاتەکاند
چەم خرۆشا

***

شەقام
لە شەرما ئەلەرزا
دوو پەڕسێلکە هەڵپڕووکان
کات
لە تەکان کەوت
مۆتەکە
لەسەر دڵی شەقام سەمای ئەکرد

قەڵەمێك

لەسەر چۆك

ئەگریا.

سنە. پاییزی١٣٧٥

# كەرنەڤاڵ

لە كەرنەڤاڵی عەشقی كام خوا دابەزیت
بەرەو كام جەهەننەم ئاوزەنگیت دا
لە تاریكستانی تەمەنی كام فریشتەدا
دڵت كرد بە قوربانیی نیگایەكی ئەهریمەنی
چەند گوناهبار بووم بە شەرمی لێومەوە
لە كاتی پشكوتنی نەورەسی ماچێكی ئەفسووناویدا

كەسێك
كەسێك لە لاپەڕە تەماوییەكانی ئێوارەیەكی قاچاخدا
چریكاندی؛

«مرا ببوس
مرا ببوس
برای آخرین بار»

ئەمە، کۆتایی دەسپێکێك بوو
تەقەدەروازەی لە هەموو ماڵەکانی شار کردبوو
ئەمە، چاوە خوێنتێزاوەکانی ئێوارەیەکی کپ بوو
گریابوو بەسەر حوزنێکی چاوهەنگوینییەوە
ئەمە، دەستە لەرزۆکەکانی بایەکی گەڕیدە بوو
تەلبەندەکان و هەناسەکان
نەیاندەتوانی بەڵگەی هاتوچۆی بەتاڵ بکەنەوە

کەسێك...
کەسێك لەودیوی تێرۆرستانی هەستەکانەوە چریکاندی.

«شانەهایت را برای گریە کردن دوست دارم»

ئەمە، سەرەتای ئەو وەرزە بێباوەڕە بوو
وتیان پێنجە
من نەمناسی و غەوارە بوو
غەوارەتر لە چارەنووس
لە کاتی خوێندنەوەی فنجانێکدا و
من باوەڕم پێهێنا

ئەمە، هەڵدانەوەی لاپەڕەیەك بوو
لەو ڕۆمانەی نەنووسرابوو
من خوێندمەوە
ئەمە تۆخ بوونەوەی
ڕەنگی ئەو وشانە بوو
کەشف نەکرابوون
لە دیوانی هیچ شاعیرێکدا سەمایان نەکردبوو
من سەمام پێکردن
ئەمە چاوەڕوانیی شانی من بوو
لە ڕێی سەفەرێکدا
جانتاکەی پڕبکات
لە بۆنی سەرێکی شەیدا و
لە بۆنی متمانە و
لەو بۆنەی شەکەتیی شانم بگرێتە خۆی

کەسێك...
کەسێك لەودیوی تاریکستانی ڕۆژەکانەوە چریکاندی
من بەهارم ... خەزان زەفەرم پێ‌نابات
من مۆمێکی چاوگەشم...با زەفەرم پێ‌نابات

کەسێك...
کەسێك لەودیوی مانەوەوە چریکاندی
و....ە.....ر.....ە

.........پێیەکانم ڕۆیشتن
ئەمە، سەرەتای سەفەرم بوو
دەستەکانم فڕین
ئەمە، سەرەتای باڵەوازەییم بوو
ئەوەی ناوی «من» بوو
شوێن چریکە کەوت
من مامەوە و
ڕەنگە ئەرخەوانییەکەی
گۆرانیی ڕامووسە من و
هاتوچۆی گوماناویی با و
هەنسکی گریانی بێکەسیی شانم و
هەزار و یەك شەوی وڵاتەکەی
شۆڕەسوارەکەی بابان و
غەریب بوون لە هەناسەکانی
شەهرەزادەکەی ئەردەڵان و
تاریکستانی تەمەنی فریشتەیەك
لە جەغزی ئەوینێکی سەرەڕۆدا.

پاییزی/١٣٨٢

# ڕوانگە

دووپات ئەبنەوە
ئەمەوە
شیعرەکانم
من...
هیچ تازەیەك لە کۆنەیی مندا
سەلامی پێ نییە
هەمیشە هەر وایە
دوو شەقام ئەولاتر
کۆمەڵێك چاو دووپات ئەبنەوە
تەوقەکان بێزار ئەبن
لە نزیکیی ماڵەکەی منیش...
بەیانیت باش

ئێوارە باش
شەو شادێکی پڕ لە نەفرەت
تۆ چیت پێیە هاوڕێ؟!
من، هیچ
هیچە و...هیچە و...هیچ
هەڵئەتۆقێ و ئەتوێتەوە.
ساعەتی (٢٥) تێئەپەڕێ
هیچ تازەیەك
لە کۆنەیی مندا...؟؟!!
هەموو بەیانییەك
چۆلەکەکانی دونیا
لەسەر دارە سووتاوەکەی تەمەنی من
ئەجریوێنن و هیچ تازەیەك
لە باوێشکی چوارچێوەی پەنجەرەمدا
وەنەوز نەیبردۆتەوە
خەونەکان نایەنە دی
بەردەوام
خەو بە ژیانەوە بینین
دووپات ئەبێتەوە.

# ڕووگە

بریا ئەستێرە بووایەی
شەو تا بەیان سەیرم کردبای
ڕووبار بووایەی
خۆم بە ئامێزت ئەسپارد
زەریا بووایەی
بە شەپۆلەکانتەوە ئەکشام
بەڵام تۆ؛
پاڵەوانێکی دوورەدەستی
وەکوو ئەستێرە
تریفەت بە ڕۆژ ئەبڕێتەوە
وەکوو ڕووبار
ئامێز ئەگۆڕی

وەکوو زەریا نوقمم ئەکەیت
منیش؛
هەر تاسە نەشکاوەکەی جارانم.

سنە. هاوینی١٣٧٩

# کاتێ ئاوێنە پشتم تێئەکات

پاشی تۆ، کەس لە من خۆش نابێت و
ئاوێنە پشتم تێئەکات
هەناسەکانم پڕحەسرەت و
من شێتێکی خەمگین ئەبم
خەمگینتر لە ناخی خەم

پاشی تۆ، نامەکان سپی ئەچنەوە
ڕێگاکان بەرەو چۆڵەواری...
من،... «با»ی ئاوارە
سەرهەڵگرتووی دەشتەکانی ئاوارەیی
شەپۆلێکی بێبەش لە ئامێزی کەنار و
گەڵای پاییزیی دەم گەردەلوول و

چیرۆکخوانی ماڵئاوایی ئەبم

نیگام ڕوا لە چاوەڕوانیدا
نە تەقەی دەرگایەك
نە جیڕەی دەلاقەیەك
نە گڤەی سەرگەردانی «با»یەك
پۆستەچیش وەهمێکی شپرزەیە و
نامەکانم ون ئەبن

تۆ نازانی
پاشی تۆ
چەند وەرز و ساڵ لێم ئەتۆرن
چۆن سەرم بە کولووی زستان ئەسپێرم و
ڕۆحم بە پاییزی ژاکان

پاشی تۆ
چاوەکانم لە بینین مان ئەگرن
پرچم لێ عاسی ئەبێ و
بیانووی سەرپەنجەت بە شانەکەم ئەگرێ

چ خەزانێکە ئەم بەهارەم
چ بێباوەڕن ساتەکانم
بە هەستی بوونت

کاتێك
نەبوونت تەژییە لە بوون
بوونیشت لێوانلێو لە نەبوون.
تۆ هەیت و نیت
لەم بەرزەخە سەرمەدییەدا
چۆن باوەڕ بکەم
ژیان پێدەکەنێت
چۆن حورمەتی عەشق
لە ساتەکانی بەرائەتدا پێناسە بکەم

چیرۆکێکی نوێ لە تۆوە دەستی پێکرد
گومانم لە کۆتاییەکەی کرد و
نووسیمەوە

کۆڵانەکانی تەنیاییم هاوار ئەکەن
ئەو ڕێگایە ناگاتە تۆ و
هەر دێم
بارانم و بۆنی خاکم لێدێ
تۆ، هەورێکی کۆچەرییت
تۆ، جەژنانەی دڵی منیت
بۆنخۆشتر لەگوڵ ئەگەیت،
بەڕێوەیت و بەم زووانەش
سەرابیتر لە فرمێسکی خوا دائەباری

ئەو ئەستێرەیت
تەنیا لە بیرەوەری شەودا تۆمار ئەکرێیت
تۆ باڵندەی ڕاهاتووی قەفەسیت
ئاسمانت بیر چووەتەوە و
گەمەی هەور و با ناخوێنیتەوە

بە من بڵێ؛
تۆ...
کە تاوانباری لە عاشق بوونی من
پاشی تۆ،
چۆن باوەڕ بە مانی خۆم بکەم

سلێمانی ــ ١٣٨٦

# زڕە خەو

لە شەوی پیرۆزە عەشقێکدا
پێڵووی چاوت لێکنا
کوێر...کوێر
پرچەکانی من و شەوت پێکەوە گرێدا

من بە ناخی زەریای شەودا ڕۆچووم
شەو لە دەوری خولیاکانی من عەڵقەی بەست و
مارێکی پەپکەخواردوو بوو
لەسەر سۆمای چاوی من و
خەوی لێ زڕاندم

خەوی لێ زڕاندم

ئەو کەنارەی لە شەوی پیرۆزە عەشقێکدا
نەبوو بە ئارامیی حەسانەوەیەك
لە دوای یاریی شەپۆلەکانی سەرشێتی

دەستی شەپۆلەکان
نەگەییە گرێپووچکەی بسکی من و شەو

شەو
ڕووبارێکی خوڕڕێن و چەواشە بوو
قەڵبەزەی ئەسەند
نە ئەوە بوو بە یەکجاری کوێراییم دابێنێ
نە ئەوەش بوو
گرێپووچکەکانی بسکی من و خۆی
بە نیگای داگیرساوی ئەستێرەیەکەوە بەند بکات

خەوی لێزڕاندم
نیگای ئەو ئەستێرەی
لە ئەمووستە چاوی، چاوی شەودا
ئاگر گریا
تنۆکە فرمێسکەکانی
ماسیە سوورە بوون، دائەبارین و
شەپۆلەکان قووتیان ئەدان

پرچم
لە جامەکەی دیۆنیزووس هەڵکێشا
لە قاموسی عەشقی شەودا
پشتم لە ڕووناکیی ئەستێرە کرد و
سەرخۆشی فریوی شەوارە
بێداریم شەوێکی قەترانی بوو
خەوی لێ‌زڕاندم و
حاشای لە بوونم کرد

بوونم
نیگایەکی بلووری بوو
بە خەوەبەردینەیەکەوە سەری هەڵگرت و
لە سووچێکی خەولێ‌زڕاودا
هەناسەکانی بۆنی شەویان گرتبوو

شەو
بۆنی خاکی لێ‌ئەهات و
سەرخۆشی دەستەکانی دیۆنیزووس
قەترانی چاوی
بە بلووری نیگای ئەستێرە دۆڕاند و
خەوی لێ زڕا

سەرم بە کۆشی سپی شەوەوە نا

چی ئەستێرە بوون
لە نێو پرچما زریوەیان هات

پرچم شارێکی بەتریفەی خەواڵوو بوو
لە دواوەنەوزەکانی بەیاندا
خەوی بە شەوێکی خەولێزڕاوەوە دی
ئەو خەونەی
نە...بوو بە ئارامیی حەسانەوەیەك
نە...گرێ پووچکەکانی بسکی من و شەوی بۆ کرایەوە

تەنیا ئەو خەونە بوو
وا خەوی لێزڕا بوو
لە شەوی پیرۆزە عەشقێکدا
هەواڵی خنکانی شەپۆلی پێبوو
فووی لە نیگای ئەستێرە ئەکرد و
لەپەستا پیرۆزبایی لەخۆی ئەکرد و
تەنیا ئەو خەونە بوو
وا خەوی لێ زڕا بوو
سەرخۆشیی من و شەوی ئەزڕاندەوە

تاوانی شەو
کەفارەی گوناهی من بوو
ئەزڕا...ئەزڕا و..

زایەڵەی زڕاندنەکەی
تەنیا ئەو خەونە بوو
نە دەستی بە پرچی دیۆنیزووس گەیی
نە لێوی بە جامەکەی تەڕ کرد
نە توانیی بە نیگای داگیرساوی
ئەستێرەیەکەوە بەندی بکات

تەنیا خەوێکی خەولێزڕاو بوو
ئە...ز...ڕ....ا...یە...و.....ە.....

پاییزی١٣٨١

# ناتناسمەوە

لاپەڕەکان
لە بیرەوەری قەڵەم بەتاڵ ئەبنەوە
من لە تۆ
وەك چۆن بەهار
لە باران و
زستان لە بەفر.
با دێڕەکانی خۆشەویستی و شیعر و عەشق
لە پێڵووی خەوێکدا
تەمەن کورتتر بن لە بەهاری هەستی تۆ
بەچی ئەچێ
گەر نەبن بەقەسیدەیەکی تاهەتایی
گەر ون بن

لە لۆفەكانی لێوانلێو لە بێ‌تۆیی
گەر بڕیارمدا جارێكی تر بتنووسمەوە
دڵنیابە لە بێداریی ئەمجارەمدا
نە وێنەی تۆ و نە عەشقی تۆ و نەش خەیاڵت
ناناسمەوە

***

بەئاسانی لەیادت ئەكەم
وەك چۆن ئاسان خۆشمویستی
گەر بڕیارمدا
وشكە ساڵی دابڕانی باران و هەور
بۆ خەونی هەڵوەریوی گوڵ بگێڕمەوە
یان بە شیعرێك
حەسرەتی زەمەن
لە چاوی ژەنگگرتووی كاتژمێرێكی كۆندا بنووسمەوە
یان نە؛
بڕیار بدەم ڕازدار نەبم و
خەیانەتی مانگ بەچاوی زەریادا بكوتمەوە
دڵنیابە
بە یەك وشەش
نە لە سۆز و نە لە دووری و نهێنیشدا
ناتلێمەوە.

هاوینی ــ ١٣٨٦

# بەندەر

ئەم بەلەمە شکاوە ناگاتە کەنار
چاوەڕێی مەبە
ئەی چاوی لەڕێ
ڕێ لە سەفەردا ون دەبێ و
سەفەر یاخییەکی باڵ سەوزە
سەودای کەنار
سەری پێهەڵگدەگرێ
سەرەڕۆیەکی بێبەخت
عەرشی خودا پڕە لە تەنیایی
سەفەر جانتای لەکۆڵ ناوە و
کۆڵ پڕە لە مێخەکی هەناسە
هەناسەش سوار.

ئەسپەشێ دەگلێ
بەلەم دەشکێ و ناگاتە کەنار
کەنار لە ژەهری هەناسەدا نوقم دەبێ
نوقم بوون سەرهەڵئەداتەوە و
بەلەم ناگەڕێتەوە
چاوڕێی مەبە
ئەی دڵی لەڕێ
دڵ کاپتانی بێکەشتیی ئینتیزارە
ئینتیزار
سۆمای چاو دەبات
سۆماش خەونێکی ڕەشە
سپێدە دەیبینێ

سنە/١٣٨٢/١١/١٣

# بێدارم مەکەرەوە

بێ وڵات و عەشق
گریان پڕووزانی باڵی پەپوولەیە
شەوگرتوو
رۆژ بکە بە دیاری
ہمبە تا ڕووداو
نەبادا عەشق لە چاوتا کۆچ بکات
نەبادا ئامێزم بەتاڵ بێتەوە
لە بۆنی بوونت
با چاوەکانت نەبن بە قەسیدەی ماڵئاوایی
نیگات نەتوێتەوە
لە باوەڕی بێ‌منیدا

***

بەتاڵ بوونەوە لە عەشق
بەتاڵ بوونەوەیە لە ژیان
ڕاهاتنە لە مەرگ
پارچە پارچە بوونی بیرەوەری

***

ڕاستی لە ئامێزی خەودا
بێداری تەژی لە درۆ
من
هێشتاش
خەو ئەبینم تۆ عاشقی...
بێدارم مەکەرەوە
هێشتا درۆ سەری بە شێعرم دانەخستووە و
شەرمەزاری وشەکانم نیم
کە بوونت خەونە
بێدارم مەکەرەوە.

سلێمانی ـ ١٣٨٧

# ڕەشەبا

شەقامە زەرد و سوورەکان
بەرەو ماڵی بەهار ناچن
ڕەشەبا گوڵی سوور ئەدا لە سینگی پاییز
ئەوین باڵی فڕین ئەبەخشێ
چەند خۆشە بەرەو بەهار بفڕیت
مەودای نێوانی من و تۆ
سەدان وەرزی خەمگینە

***

شادییەکان
بە هەناسەی خۆیان ئەخنکێن
ئەوین ڕەشە
ڕەش ئەبارێ ئەو بارانەی

ڕۆحی عاشق مەساو ئەکات
باش ئەزانم ڕەشەساڵە
کۆتاییەکان نزیکن و
ڕێگاکان کورت

***

پاییز ڕەنگی ژیان ئەدزێ
بەختەوەری شازادەی بێ تاج و تەختە
بە کاولاشی کۆشکەکەیدا ئەگەڕێ
دواهەناسەی دڵۆپێك بارانە
زەوی تینوو هەڵیئەمژێت

***

ئەی ئازادی
ئۆباڵی من و ئەستۆی تۆ
داهاتووم پرچ بۆ ڕابردووم ئەڕنێ
قەیرانی چارەنووسم بێکۆتایی
ڕەش ئەمنووسێت
بێبەزەیی
ئەسپی مرادم ئەگلێنێ
تۆ چەند وەرزی دڵشاد ئەناسی
بە چەمەڕای خەزانەوە سووتابێ!؟

***

تۆماری بکە ڕەشەبا...تۆماری بکە
چارەنووسم لە خوێنی خۆیدا گەوزاوە

چل برای کاکۆڵ زێڕین
گشت، خەنجەریان لە پشتی من کالان کرا
چل دایکی ژانگرتووی حەسرەت
بۆ بوونی من لە دار درا

***

بەختەوەری
بووکێکە دابەزیوی نابەدڵ
ئۆباڵی من و ئەستۆت ئەی چارەنووس
دڵی بەفرینم بە قەڵەمی شەو ئەنووسیت
تۆماری بکە ڕەشەبا...
مێژووی خەزانەساڵی من
ڕابردووم گەردەلوولێکی ڕەشە
بەرەو ئەنجامێکی نادیار سووڕم ئەدات
چەند جار گلام؛
چەند جار گەوزام؛
چەند جار بە پرچی خۆمەوە هەڵواسرام؛
چەند جاری کەش،
بوونم خەڵتانی خوێن ئەبێ!؟

***

تۆماری بکە ڕەشەبا...تۆماری بکە
شازادەی بێتاج و تەختم
بە وشەی ژن لە دار درام
بە پێوانەی خەت و خاڵم

لە مێژوودا بەسەرکرام
چنگی ڕەشەداڵی مەرگەزاوا
سینگی کۆتری سپی شیعرەکانم
شەقاری زام و خوێن ئەکا
شووشەی دڵم
لەیستۆکی شێتەیاسای زەمانەیە

***

لەو ڕۆژەوە کراسی پوولەکەچنی حەوا
ئاڵایە دەست و پێی ئادەم
لە شەو و ڕۆژی پەراسووم
کاتژمێرێکیان داشکاند
نرامە ژێی کەوانێك و
هاوێژرامە ئەو زوڵمەتەی
چارەنووسم، شەونووسی کرد

***

لەو ڕۆژەوە دایە حەوا
دامێنی خۆی هەڵئەگلۆفێ
سینگی لە بەختی خۆی ئەکوتێ و
بۆ ئامێزی مەرگەزاوای ماڵی زستان بەڕێ ئەکرێ

سنە ١٣٧٩/٧/٣٠

# باران

ئێوارەیەك ئەمێ باران
شیعرێکی دڵتەڕمی ڕەدووخست
سنوور نەما نەیبەزێنم
هەرد نەما نەیپشکنم
نە شێعرم دۆزییەوە
نە پەڵەهەوریش ناونیشانی بارانی دامێ
کە دڵی تۆم دایەوە
شیعرێکی خوساوی ئەوینم دی
چاوی خوماری هەڵبڕی؛
چۆن نەتزانی شیعر و باران
عاشق و ماشقەی لەمێژینەن

سنه ــ ١٣٧٥

# وەرزی نامۆیی

شاری پەڕاوپەڕ بەزەیی
ڕەنگە ئەگەر پەڕ و باڵم لێبڕوایە
ئەگەر
خۆم لەو شوێنە نامۆیە ون نەکردایە
بگەڕایەتمەوە!!!
ئەمە ئاواتە خنکاوەکانمە؟!
یان
ڕووسووریی بووکێنییەکەم
ژیانمیان کردۆتە پێکێکی ژەهراوی
بە لێوی نەیارەوە؟
بڕوانە...
لە دەروونەوە پرتووکاوم

وەرزی نامۆیی
بێدەنگ
بێدەنگ
ساتەکانمی تەنیوە
تۆ سێبەرێکی هەمیشەییت
بۆ باڵای وەرزی خەمەکانم
هەموو ڕۆژێك
خۆری نیگات
لە چاوی مندا ئاوا ئەبێت
تەنانەت ئەگەر بایش بتبینێت
بیر لە من ئەکاتەوە
من
بە باڵای باوە هەڵزناوم
دەس ڕاگرە با تێر تێر بتبینم
ڕەنگە لە دوای ساتی دیدار
ساتێکی تر نەبێتەوە.

سنە زستانی ١٣٧٧

# بڕوا

با تۆش بڵێیت
ساواقی ئەم دوورییە دوایی دێت
بڕوات پێ ناکەم
لەو ڕۆژەوە باهۆزی ناکامی
سەری کاسی بە سەرینی شەوگاری من سپارد
نامۆ بووم
لە خۆم
لە تۆ
لەم جیهانە.
بێهوودە لەم بۆشاییەدا پەل ئەکوتم
سازت هەڵگرە هاوڕێ
سازی سەفەرم

پەنجەت بە پەنجەم بسپێرە
شانت بە سەرم
شنیانی ئەم بایە بەرەو زۆزانم هەڵدەگرێ
کەس نەیزانی
ئاواتە ڕەنگامەکانم
لە بەرزەخی مەرگ و ژی هەستەکانمدا دۆڕاند
پەنجەت
بە تەنیایم،
دڵم و
سازەکەت ئاشنایە.
رۆحت بە ڕۆحم بسپێرە
سازی سەفەرم
یاخیی ئاواتی سەوزە ڕۆحێك
سندەکان یەك لە دوای یەك ئەپسێنم
بێهوودە لەم بۆشاییەدا پەل ئەکوتم
کوا هۆمەنێك بۆ ڕزگاری
ژینم تەنراوی مەڵۆدڕکە
شەو تا بەیان
چاوەڕوانی ئەستێرەی کۆچەرم
سازت هەڵگرە هاوڕێ
شنیانی ئەم بایە بەرەو زۆزانم هەڵدەگرێ

سنە/زستانی ١٣٧٨

# پەنجەرە

هەناسە هەناسە لە گیانکەنشتدام
چەند خۆشە لە پەنجەرەیەکی ئاوەڵاوە
سەیری دونیا بکەیت
بڕوانیتە شاری تەمداگرتوو
جگەرەی جەرگ داگیرسێنیت
بڕوانی
چۆن مەزرای قۆزاخەی ئاسمان
با ئەیشەکێنێ و
پەپوولە ڕۆح سپییەکانی دائەبارن.

دارەکان شان ئەدەنە بەر
دەنکە دەنکەی ئازارەکانی ئاسمان

کێ هەیە شانی بۆ خەمەکانی من تەرخان بکات؟!
چەند خۆشە
بڕوانیتە شاری سپی پۆش و خەم لە یاد بکەیت
بۆ هەناسەیەکی خاوێن خنکام
ژوورەکەم بۆنی تەنیایی و غوربەتی لێدێت
چەند خۆشە لە پەنجەرەیەکی ئاوەڵاوە
هەناسەیەکی ئاشنا خۆی بکات بە ژوورەکەمدا
بۆنی ڕێحانە و گەزیزەی لێبێت
دەست ڕاکێشم
گوڵە بەفرینەکان بێنمە ژوورەوە
بیدەم لە لاجانگی شیعرم

خنکام
ژوورەم بۆنی ژنێکی کابانی گرتووە.

سنە/ ١٣٨٧/١١/١٥

# پەیمان

بۆ ژیلا

پەیمانمان وابوو
من و ڕووبار
قەت نەوەستین
ئەو بۆ زەریا خۆی ئەکوتا
من بۆ لای تۆ

***

پەیمانمان وابوو
من و هەور
هەر ببارین
ئەو بەسەر مندا باری
منیش بەسەر دەفتەرەکەمدا

***

پەیمانمان وابوو
من و با
سەرهەڵگرین
گوێ هەڵخەین
ئەو بۆ سرتەکانی شاخ
من بۆ دوایین چرپەی ماڵئاواییت
***
پەیمانمان وابوو
من و خۆر
تا هەتایە هەر بسووتێین
ئەو ئێستاش لە گڕدا و
من لەکۆچی پاییزیتا
هێور...هێور
کوژامەوە.

سنە/ پاییزی ١٣٧٨

# چاو هەنگوینی

چاو هەنگوینی
بەس بە تیلەی چاو دڵم بەرە
بە وشەی جوان ڕۆحم
سەهۆڵێکی مێژینەم
هێندەت زانی
لە بەر تیشکی ئەوینتدا
لە باوەشتا توامەوە و
لە دەروونتا بووم بە لافاو.

سنە/بەهاری ١٣٧٧

# خۆزگە

خۆزگا ساتەکان وەکوو ترپەی دڵ تێدەپەڕین
ئەوان خاو و تێنەپەڕ
دڵ نەحەواو و بێقەرار
چ شەوێکی ئەفسووناوییە ئەمشەو
نە خەیاڵ ڕێی تێدەکات
نە شێعر دەینووسێتەوە
خۆی شیرینە هەواڵی مێژووە و
شیعری نووسراو

# دیلان

گۆڤەندی شارە
دار بە بەرگی بووکێنی خۆی پێدەکەنێ
منیش پێکەنیم
چەند جوامێرانە ڕوانیتە باڵای ئاواتەکانم
چەند ئازایەنە فڕیت تا ئەوپەڕی چاوەڕوانیم
پرووش پرووش داباریت
کڕێوە کڕێوە هەستەکانمت داپۆشی
بۆران بۆران ناسینتم کرد
کامە وەرزی ژیانم بوویت
وا زریان و رەشەبا ئاشنات بوون
هۆ...بەرگ بەفرینەکان
نەکەن پێکەنن بە بووکێنیتان

ناشێ ئەم شەوە بەفرینە بناسیتەوە!؟
بێزار ئەبم لە خۆم و تۆ
ئەو کاتەی
ئاواتەکانم پێکەنین
بە زستانە بەرگی بەختەوەریم
پێکەنیم و پێئەکەنم
بە هەموو بەرگە سپییەکان
وا بۆ دوارۆژ
ئەبن بە تۆپەڵە شەڕەی کۆڵان
چاوت بکەرەوە
بگری ئازیز
بگری بۆ پێکەنینەکانی من
بۆ پێکەنینی درەختەکان
بۆ بێزاریی ئەم گۆڤەندە و
ئەو شەقامەی تۆم تیا ناسی و
قەت نەمناسیت

سنە ١٣٧٩/١١/٦

# ژن

دەفڕێت ڕۆحی و
دەڕوانێ
زۆر لە سەرەوە
بە بەزەییەوە
لەو پیاوانەی
بەزەییان
بە زیندوو و  مردووی
جەستەیدا نایەتەوە
ئەو ژنەی
بەردەباران دەکرێت.

کۆیە ١١/ ١٣٩٥/٦

# رسکان

بە دەستی پاییزییت
باخچەی دەروونی ژاکاندم
وەرە ئەی لەسەرزەوی وەکوو خودا
بمکە بە شمشاڵ و بمژەنە

دەروونم بەتاڵە لە من
دڵم بە تۆ نادرێتەوە
لەت لەتە و یەك ناگرێتەوە
وەرە بەژنم هەڵگرە و بمژەنە
هەرچەند دڵنیام ئەوساش
مێلۆدییەکانم ئەخنکێنی

سنە ١٣٧٩/٦/٨

# یاد

تۆ فرمێسکی ئەو مۆمەی وا
هەر بەیادی خۆت دامگیرسان
تۆ ئەو بایەی کڵپەی دڵمت
لەگەڵ خۆ بردە هەندەران
من بەیادی تۆ و عەشقەکەت
بەرگەی خەمی دووریت ئەگرم
دەستی غەریبی و تەنیاییت
ئەگرمە نێو پەنجەکانم
تۆ هەناسەی...تۆ ژیانی
تۆ باڵندەی پەڕەوازەی هەندەرانی.

سنە.١٣٧٣

# زاوای ئاسمان

زاوای ئاسمان
بەرگی سپی
ئەکردە بەر بووکی کۆڵان
بووکی کۆڵان
هێدی هێدی
کچێنییەکەی
بە هەتیوی سکڵ ئەدۆڕان

سنە ١٣٧٩/١١/٧

# زەریا

شەپۆلی شێت
پەلی کوتا بۆ تاشە بەرد
پێی نەگەییشت
زەریا
بسکی پەرێشانی گرت
گەڕایەوە
سەرشێتانە
پەلی کوتا و
هەستایەوە.

سنە باهەری ١٣٧٥

# ژوان

بۆ ژیلا

ئەمڕۆ هاتم بۆ جێژوان
مشتێ خۆڵ و مشتێ ئاونگ
خەڵاتم بوو
ئاسمان گریا
خۆر شەرمی کرد
پەردەی هەورێکی شینبۆری
بەڕووی خۆیدا داکێشابوو
نمە ئاونگێکی ئاسمان
پێڵووەکانتی تەڕ کردبوو
جەلادێك هات
کۆرپەیەکی ساردوسڕی نایە کۆشم
قەفەی پرچی خوێناویشی

ئاڵاندە دەست و گەردنم
ئەمڕۆ هاتم بۆ جێژوان
زەردەخەنەی سەر لێوی تۆ
هاوارێکی ئێگجار بەرز بوو
پڕ بەدۆڵی تەنیاییمان
زریکاندی.

سنە.پاییزی ١٣٧٥

# کۆتەڵ

بۆ هەڵەبجە

شەو بێدەنگە
کاتژمێر
دڵی چۆلەکەیەکی یەخسیرە
لە لەپی ژیاندا ترپەی دێت
ئەستێرەکان
بێترووسکە بەیەکدادێن و
دەستەو دامێنی مانگ ئەبن
ئاسمان خووساوی تای شەوە
مۆتەی مەرگ
لە ترۆپکی چیا هەڵنیشتووە
شار بۆنێکی غەریبی لێدێ
شنە بێهێز

سەر بە دار و بەردا ئەدا
بۆنی تاوان شاری تەنیوە
ڕێبواری شەو
ئەوکی گیراوە
حەیرانێك ئەڵێتەوە
دار تەلەکان چنگیان لە خاك توند کردووە
جۆلانەی مەرك هەڵئەبەستن

***

بەیانیە
شار بووکێکی شەنگ و شۆخە
ئاسمان ساماڵ
کەڵانەیەکی شینە
بەسەر سنگی خاکدا دادووراوە
خرینگەی بازنە و گرشەی پێکەنین
بزە و نیگا
سووچی درگا
ئەنگووستیلە و هەواڵێك و ترپەی دڵێك
دەنکێ فرمێسك و بڕیارێك
بۆنی نان و زرمەی گاووس
بەرەمەشکە و بابۆڵەیەك
قرتەی چاوێك
سەبیلێك و بێڵاسنێك
هیوای خۆشی کوڕانەیەك

***

ئێوارەیە
بۆنی مەرگ بینی شاری کپ کردووە
باڵی مۆتە
بەسەر شاردا ڕاکێشراوە
بۆنی نان و سووتووی جەستە تێکەڵ بووە
شار کۆڕی فرمێسک و گریانە و
لەدایکبوونی دووبارە
دەنکە فرمێسك
خاڵێك بەگۆنای مێژووەوە
تانەیەك بە چاوی جەلادەوە
ئێوارەیەکی بێشەوە
گەرمە شین
مشتێکی گڕێ دراوە...

***

هەڵەبجەی دایك
تەنوورێکی نێڵ دراوە
خەم و ناسۆری شیراوشیر ئەخات

١٣٧٥ سنە/ زستانی

# گڕگان

گڕکان ... گڕکان
خۆشەویستی
لە ناخمەوە سەرهەڵئەدا
ئەمە ئەوینی ئاگرین
زەریا... زەریا
خۆشەویستی
لە چاوانتا شەپۆل ئەدا
من ڕۆحی خۆم
بە گڕ و شەپۆل ئەسپێرم

سنە/ بەهاری ١٣٧٧

# گورگە شەوێ

بۆ کوێ ئەچیت ئەی ئاوارە
کۆچی ئەمجارەت
بەرامەی کام هاوارە
سەری گرتێبەربووت
بەکام بەردی ساردەوە ئەنێیت
هەناسەی ئاگرینت
لە سەخڵەتی کامە ئاواتتدا ئەکەی بەهەڵم
پەنجەی ساردت
بۆشاییەکان ئەبڕێ
دڵی گەرمت
هاکا لەلێدان کەوت
بۆ کوێ ئەچیت ئەی سەرگەردان

ئەو تروسکانە لە دوور
رەنگە تریفەی چاوی گورگە شەوێ بن
«گورگە شەوێ...
گورگانی شەوێ...
لە بەهاری ژینم دوورۆ کەوێ».

سنە/ زستانی ١٣٧٦

# شوێن پێی هەتاو

لە خۆرئاوابوونێکی ئەفسووناوییدا
کاتێ مانگە شەو
تاجی شاژنی ئاسمان بەئارامی لەسەرئەنێ
کە دیواری نائومێدی درزی تێئەکەوێ و
ڕوو لە ڕووخان ئەکات
پەنجەی سارد و
غەریبترین ئاوازم
شوێن پێی هەتاو
هەڵئەگرن.

سنە/هاوینی ١٣٧٥

# مەگیرانی

لەوساتەوە دەستی ئەوین
دوو مووررووە شەوەی دا لە سینگم
هەموو شتێك ڕەش ئەبینم
لە نێو دڵما
نوتفەی عەشقێکی ڕەش گرساوە
ژاراو ئەهێنمەوە و
مەگیرانیی هەتاو ئەکەم.

سنە/هاوینی ١٣٧٥

# ڕێبوار

وست بە ڕێبوار
پادیواریی ئەمشەوت
چرپەی بووکێنیی ئاسمانە
گوێ ڕادێرە بۆ دەنگی بەفر
هەنگاو مەنێ
بووکی خاك
کچێنییەکەی لا ئازیزە
مەیڕووخێنە.

١٣٧٩/١١/١٧

# شەهید

وا بەهـــارە و لێـــوی خاکـــی پڕتەمـــم
پێکەنینـــێ ڕاینـــەدا بـــاری خەمـــم
وەرزی جوانـــی هـــات و نەمـــدی ڕەنگـــی گـــوڵ
غەیـــری کســـپەی ئاگرینـــی تەنگـــی دڵ
ســـامی زریـــان هـــات لـــە نـــاکاو دای لـــە بـــاخ
ســـینگی گوڵـــزار ئاگـــری گـــرت پـــڕ لـــە داخ
داری هیـــوای هەڵوەراندیـــن ڕۆژی ڕەش
لێـــڵ و پـــڕ ئـــاو بـــوو بەجـــارێ چـــاوی گـــەش
کۆچـــی ئازیـــز بـــوو بـــە کڵپـــەی ئاگریـــن
کەوتـــە نەیخانـــەی دەروونمـــان ســـۆزی شـــین
ئـــەی دڵـــەی کـــون کـــون کـــراوی ئاهـــی نـــەی
ســـۆز و ناڵـــەی ڕۆژ و شـــەومان تـــا بەکـــەی

شین لەسەر شین، دەرد لەسەر دەرد، خەم بەبار
کۆچی یارە و کۆچی یارە و کۆچی یار
گۆڕی شاعیر گەرمە هێشتا زامەکەی
مەرگی نووسەر دێت و دەشکێ خامەکەی
یان هونەرمەندی ئەوین و سۆزی دڵ
چەندە نەغمەی ڕاز دەباتە سینگی گڵ
ئەی ئەزیزان، هۆگرانی هۆگران
ناچن هەرگیز ئەو کەسانە بۆ نەمان
ئەو کەسانەی وا بە بەرزی ناوبران
بۆ هەموومان تیشکی ڕێگەن، وەك چران
ناوی چاك و بیری پاك هەر نامرن
گەر لە خوێن و سینگی خەڵکا جێ گرن
کوردەواری جەرگی لەت لەت
فێرە بەم دەرد و خەمە
شەختە گەستی باخ و بەرمان
بای ئەجەل هەر پێی کەمە

سنە/ هاوینی ١٣٨١

# لە شووشەوە تا برین

# لەیلانی خەون

بۆ نەمر دوکتور قاسملوو

تەنیا شمشاڵ ئەزانێ
ئەم هەناسەیەم
چەند ئازار ئەژەنێ و
بەسەر باڵی چەند برینەوە
کەروێشکەی خەیاڵ ئەیباتەوە

ئەم خەیاڵە
وەك پەلەپڕووزەی بایەکی پاییزی
وەك هاڵاوی تینی پووشپەڕ
شاڵاو بۆ چاوم ئەهێنێ
گلۆر گلۆر فرمێسکی خەم
ئاماژە بۆ ساتەوەختی مەرگی خۆشەویستییەك دەکات

زه‌مه‌ن تێیدا ڕاوه‌ستاوه و
کپ کپ گوێی بۆ خه‌وی هه‌زار ساڵه‌ی
مه‌رگی ئه‌وین هه‌ڵخستووه

پیاوێك
له نیشانه‌كانی ئه‌وینێكی سه‌رمه‌دی
له نادیاری دیارێكه‌وه
له شه‌قه‌ی باڵ ئه‌دات و
چاوی شیعرم ده‌كاته هێلانه
ڕاسته‌وخۆ
وه‌ك ده‌مودووی منداڵێكی ساكار ئه‌دوێ
ته‌نیاتر له دارێكی ته‌ریك
دیرۆكی خه‌ونی نیشتمانێك
له چاویدا به‌دی ده‌كرێت
چاوه‌كانی پڕن له ئه‌وین
له ئازار و له ژانه‌كانی نیشتمان
له قۆزاخه‌ی سپیی ئاوات
چاوه‌كانی
چاوی شیعرن
مێهره‌بانن
به‌شێك له عه‌شقی بارانن

پیاوێك
جوامێرانه ڕوانییه باڵای خه‌ونه‌كانمان

ئازایانەش فڕی تا ئەوپەڕی چاوەڕوانیمان
وەك خەوێك هات و
وەك خەوێکی نازداری بەربەیانیش
بەجێیهێشتین
کامە وەرزی ژیانمان بوو
وا هەتاو و ڕووبار و هەور ئاشنای بوون

ئەو بە مێخەکی هەناسەیەوە
باسی جریوەکانی ئازادی کرد و
چی بالّندە بوون
بوون بە داری هەزار ڕیشەی ئاواتەکانی

ئەو دەستی بەسەر شکۆفەکانی لیمۆدا هێنا و
بەرامەی عەشقە لیمۆییەکەی
ناخی پڕکردین لە شەربەتی عەشقی نیشتمان
لە بەهارنارنجی خەونێکی بێگەرد
باسی بەهاکانی بۆ کردین و
بەهاکان
نوقلانەی لەدایکبوونی شەوەزەنگی حەزیا بوون

ئەو، قاسملوو بوو
مەراقێك بوو
لە لووتکەی شاخەکانی قەندیلەوە
خەونی وەنەوشەیی دەبینی و

ئاگری شۆڕش
له نێڵه‌ی چاوه‌کانی ده‌چوو
ئه‌و، له ڕه‌نگی بارانه فرمێسکی خودا بوو
تا که‌ی له‌به‌ر شه‌وه‌ژانی ئه‌م زامه‌دا
هه‌ڵکوڕمێم
چاوه‌ڕێی مه‌به ئه‌ی دڵی له‌ڕێ

تاڵاوی دووریت ناخی پڕ کردم له ژار
تۆ له پێرلاشێز ئارام بنوو
با به مێرگی یادت ئارام بگرم

تۆ، که تامی شیله‌ی شیعرێکی به‌هاریت
تۆ، که هه‌ورێکی مانگرتوویت
له ئاسمانی چاوی مندا
بیلبیله‌تم بده‌رێ سه‌روه‌ر
له‌م هه‌موو بێڕه‌نگییه کوێرایم داهات
له ناڵه ناڵی برینه‌کانته‌وه
هاوارێك خۆی ئه‌خواته‌وه
له‌م به‌ربه‌ڕستانی مرۆڤایه‌تییه‌دا
له‌م سه‌رده‌می ئه‌نفالی عه‌شقه‌دا
ئه‌م نیشتمانه هه‌لا هه‌لا
پێغه‌مبه‌رێکی ده‌وێ
له ڕه‌نگی
پێغه‌مبه‌ره تووڕه‌کانی ئه‌م سه‌رده‌مه نه‌بێ

داماڵڕاو لە سۆراخی دایك و زێد و شارەکەم
ئەم دڵە بەرتەنگەم
بە تەنیایی خۆم و ئەم خاکە بێنازە دەلەرزێ

ئەو ڕۆژەی وەکوو لوولووپەڕێکی سپی
لە دڵی مەندترین کەناری ڕۆحماندا سەرت هەڵدا
وەك باڵندەیەکی بەرزەفڕ
خەونە ڕەنگامەکانی نیشتمانت
بە لووتکەی شاخەکانەوە دەڵدەبەست
کوندەی حەق
ڕەنگی مەرگی
بە باڵای پەلکەزێڕینەی ئاواتەکانت ئەبڕی
بەدوای سارد کردنەوەی
کوانووی خەونەکانتەوە بوو
چاوی برسیی داهۆڵی پیر
کوێر... کوێر
ئاڵایە کراسە ڕەشەکەی شەوگارەوە و
مەرگی هیوای واژۆ کردی
لەو ڕۆژەوە
داهۆڵە پیرەکەی تاران
وەك کوندەی حەق
بۆ هێنانەوەی سێ دڵۆپە خوێن* هێڵنج ئەدات

تا ته‌مه‌نت پێوه ماوه
یا حه‌ق یا حه‌ق بکه داهۆڵ
کوێر و باڵ فش
به مێشکی پووشینته‌وه
ئه‌و سێ دڵۆپه خوێنه
هه‌ر ئۆباڵی گه‌ردنی تۆن
گه‌نمی سه‌غیر بینت ده‌گرێ

تۆو ته‌ریکه‌ژینی کونده‌ی حه‌ق
تۆو شه‌وه‌ڕاوی کونده‌ی حه‌ق
تۆو ناڵه‌ناڵی بێ سه‌مه‌ر
لێره بسته خاکێك نییه
له دواڕۆژی ئازادیدا
بتگرێته خۆی و بتناسێت

دڵی ئێمه، زێدی ئاشتی
خاکی ئێمه، ئه‌هوورایی
بست به بستی
تۆڵه و گڕکان
بۆ دواڕۆژی کونده‌ی حه‌ق و
داهۆڵه پووشینه‌ی تاران.

کۆیه ١٣٩٣/٤/١٥

* ئاماژه بۆ چیرۆکی «سێ دڵۆپه خوێنی»ی سادق هیدایه‌ت

# تەوارە باڵ زیوینەکان

لێوانلێو لە شپرزەیی و بێئارامی
چاوەڕوانی نووسینی شیعرێکم
هەر لە دەوری چاوەڕوانی، هاتن و نەهاتن ئەسووڕێتەوە
لەو شیعرانەی لە سەرچاوەکانی گیانەوە هەڵئەقوڵێن و
ئەڕژێنە ژیانەوە
هەر یادگارە و وەك پەپوولە پاییزە لە دەورم کۆئەبنەوە
ئەمەیان سووتانێکی ترە
ئیتر من بەو خەمەوە ئەژیم تا ئەو وەرزەی
تاڤگەیەك لە خۆشیی دیدارتان بەسەرما بڕژێ.

تا ئەو شوێنەی بیر بڕ ئەکات بیرتان ئەکەم
تا ئەو شوێنەی خەیاڵ ئەڕوا لە خەیاڵمان

ئەی ئەو درەختانەی باخەڵتان پڕە لە باڵندە و
ئەو تاڤگانەی گیرفانتان پڕە لە ئەستێرە
چرایەکم بدەنێ با خەمێکم ڕووناك کەمەوە.

کچە پێشمەرگەکانم
شەستە بارانێك ماچ
هەزاران گوڵئەستێرەی سڵاو
هەزاران پەپوولە خۆشەویستی
بۆ دەوری شەمی باڵاتان
بۆ دەوری پرشنگی ڕۆحتان
ئەم قەدەرە، نە لای من بوو نە لای ئێوە
هاتم بۆ ئەوەی لە نزیکەوە
بۆن بە هەناسە و خۆشەویستیتانەوە بکەم.

بە من بڵێن
ئەم مەوسیمی دابڕانە کەی ئەبڕێتەوە؟
ساتە خۆشەکان
لە ترووسکەی ئەستێرەیەکی کشاو ئەچن
هەستەکانم لەم غوربەتەدا سەرگەردانن
لە نێوان ترسێکی گەورە و عەشقێکی گەورەدا ئەژیم
بەڵام کە گەڕامەوە، وەك گوڵە هێرۆیەکی سپی ئەگەڕێمەوە
کامە عەشقی گەورەتان دیوە
بێ سۆراخ و بێ ڕەقیب و بێ ناحەز و لەمپەر بووبێت
خۆشەویستی چییە،

ئەگەر سووتان و قوربانیی و یاخیبوون نەبێ
ئەگەر سووتانەکە گەورە نەبێت، چۆن بڵێم
با وەك تریفە ئاشکرای بکەین
با وەك نەورۆز جاڕی بۆ بدەین
ئەم عەشقە گەورەترە لەوەی
من لە بەردەمیا نەچەمێمەوە و
تەنیا خۆشەویستیی نیشتمانە
لە هەر تەمەنێکدا بە گوڕ و تینی خۆیەوە دێت.
تۆ بڵێی چاوگی بڵێسەی ئەم قەدەرە
بۆ لای غەریبییەکەی قاسملوو بگەڕێتەوە و
ڕۆحی ئەو لە ڕۆحی ئێوەدا بێت؟

بیرتان ئەکەم کچانی شارەکەم
تۆ بڵێی
ئێوە ئەوەندەی من ئەم خەمەتان هەبێ؟
دنیا بووە بە گوندێکی بچووك
ئەی بۆچی بۆ بینینتان
لە من بووە بە هەموو گەردوون!

ئەی کچانی شیعر و خۆشەویستی
پڕاوپڕم لە ئەندێشە و سۆز و تاسە
چەند غەریبن گوڵەکانی شارەکەم
لەو دڕکەجاڕی وەیشوومستانەدا
پەنهانین خەمەکانیان و

لە پشت پەرژینی ئابڕوو و کەرامەتەوە
بۆ بیستنی ڕازەکانیان.... «هیچ بیسەرێك»

گوڵانی سەرلق
بریقەکانی مانگەشەوی شیعر
خۆشەویستیتان باش
ئێوە خەوێکی سەرابی نین
تێپەڕبوونی پرشنگێکی خێراش نین
لەوپەڕی ئازادیی پرچەکانتانەوە
ژیان گەلێك بە سوێ و
بە تەمتوومان و بە ژار و ژەنگە

لە درەختێکی تەریك ئەچوون
ئێستا ئەزانن چ ئازارێك و چ گێنگڵێ ئەمپروێنێ؟
بە من بڵێن؛ ئێوەش ئەو باڕێزەیە
ئەو وەیشوومەیە دایگرتن
وا سەفەری ئەفسووناویی
فیردەوسی ئەوین و شیعری گڕتێبەربووتان گرتەبەر؟

نووری چاوان
چەکەکانتان لە شان کەن و
وێنەیەکم بۆ بنێرن
بەڵام بە قژێکی ئازادەوە.

نازانم نا
نووسینم بیر چووەتەوە
پیرەژنێکی سەرسپی
کراسێکی شڕی پینەهەڵنەگری بۆ هەڵگرتووم
نهێنییە و نایدرکێنم
ئەترسم هاوارەکانم بەدەردی هاواری نێو بیابان بچن

با لە هەلهەلە و چەپڵەرێزانی ژنانی خێڵەکەیەوە
بگەمەوە بە دواهەناسەی عاشقی دۆعا و
ویژدانی مرۆڤایەتییش
پەزێرە نانی سەگ نەخواردوو بێت.

پێتان نەوتم کیژۆڵەکان
بۆ ئاگر هاتوون
یان بۆ ئاگر تێبەردانی من؟!
ئێجگار جوانە تەنیاییتان و جوانە خەمتان
ئەوجی شۆخیەتیتانە لەوپەڕی غەریبیدا

دارستانێکم بۆ نووسیونەتەوە،
بەڵام
قسەکانم وەك ئاگردانی ساردوسڕیان لێدێ و
ناگەنە لاتان
لە کوێوە دەست پێبکەم؟!
ڕێژنەیەك بارانە ماچ و سڵاو و

هەزاران گوڵ ئەستێرەی سۆز و خۆشەویستیم
لەم دڵە نووتەکەوە
من، دەمێکە چاوەڕێتانم
من، هەر وەکوو خۆمم
تەنیا و تەنیا و تەنیا

چاوەڕێی هاتنتانم
تکایە وێنەم بۆ بنێرن، بەڵام بە بێ شەو

بە ناونیشانی ئەو خەونانەی ئەیانبینم
هەموو ڕۆژەکان وەکوو یەك خۆیان ئەجوونەوە
خۆشەویستییەکی بەئازارە
گێنگڵە و بڕانەوەی نییە
پەنگ خواردنەوەیەکە
نازانم بەرەوکوێم ئەبات

پەنجەکانم
گەڵای پاییزین و هەڵئەوەرن
لە زامستانی بێقەدەریی ئەم ڕەشەبایە
کۆیان بکەنەوە و
گەرم گەرم بیانگوشن
خودایا
قەدەری ئەم زستان و هاوینە بەچیئەچێ
گەر خاکەلێوە ڕەشم بۆ نەپۆشێ و

هەناسەم نەبێ بە توونی ئاگر

تەوارە باڵ زیوینەکان
هەر تاڵێك لە قژتان ڕووبارێکە لە هیوا
تاڵێ قژ و دڵۆپێ لە چاوان و مۆمی پەنجە و
گەڵای خەندە
بەڕێ کەن
بۆ شاعیرە دڵ لە شووشە سەرشێتەکانی شارەکەتان
کە پڕن لە غەریبی و لە تەنیایی
بۆ ئەوەی لە شەوێکی نووتەکی شارەکەتاندا
داگیرسێن و بنووسن و
بۆ ئەوینی ئێوە بژین

کیژۆڵەکەم
ئەگەر ویستت بێیت
بە باڵی پەپوولەیەك وەرە
شەوێکی نووتەك وەرە
بێ سێبەر و غوبار
لە خەیاڵی پەپوولە پاییزەیەکەوە ڕێ بکە
هەورێك بکە بە شاهێد و
ڕووبارێك بە پاسەوان
وەکوو کوولووە بەفرێك وەرە و
لەسەر دڵی وشەیەکم بتوێرەوە
وا وەرە

حورمەتی هەنگاوەکانت نەشکێ و
شەو دەفتەری نهێنیەکانیت پێبسپێرێت
وا خەریکە تاریك ئەبم
مەگەر بە بینینت ڕووناك ببمەوە

کۆیە ١٣٨٩/٩/١٤

# پایزی خەونە سپییەکان

دەمنووسێتەوە
هەردەم
وەك خەیاڵێکی یاخی
بە نێوچەوانی ئەسپە کوێتێکەوە
غار ئەدات و
لاپەڕە لاپەڕە
فرمێسك و شادیم تۆمار ئەکات

مێژوویەکی سوور
ڕۆژگارێکی سوور
دەزرینگێتەوە و
زرۆکە زرۆك

به‌سه‌ر داره‌سووتاوه‌كه‌ی ته‌مه‌نمه‌وه
هه‌ڵده‌نیشێ و
جریوه‌ی دێ
چه‌خماخه لێ‌ئه‌دات
كلوو كلوو داده‌بارێت و
گڵه‌وه‌زه‌كان ده‌نووسێته‌وه

له نێوان كڕێوه و ئاگردا
خه‌یاڵ
نووسه‌كی گلیار و لقه
دوو په‌نجه‌ی كه‌شیره‌یه
یاخی و به تاو
وه‌ك تاوه‌بارانێك
له نێوچه‌وانی هه‌ور داده‌بڕێت
وه‌ك گه‌رده‌لوول
لوول ده‌خوات و
وه‌كوو ئاو په‌نگ.

له‌و دیوی شووشه‌ی په‌نجه‌ره‌كانمانه‌وه
ده‌ڕوانێت و
ئێمه‌ش ده‌ڵێین
چ مانگه‌شه‌وێكه
ئه‌و ساتانه‌ی تۆ ده‌كه‌ویته ئاخڵه‌یه‌ك له غرووره‌وه
ده‌بیته سه‌ربه‌رزی

دەبیتە نیشتمان و
بووغان و سەرمان
مانا دەگرن

دەمنووسێتەوە و
تێدەپەڕێت
وەك ڕێبوارێکی کەسیرەی
بن گوێسوانەی ئازادی

سەیر کە
بالّندەکان  لە ئێمەدا دەژین
هەورەکان سەریان بە هەنسکەوە دەنێن

سەیر کە!
ئەم وێنا سادەیەی ژیان
لە بەرکەوتنی ئێمە و شووشەکاندا
لەتمان دەکا و
گێژمان دەکا و
دەستمان لە گلیار و هەتاو بەرئەدا
سەفەری جەستەمان
بەرەو خاك ئەبات و
تەنیا بیرەوەری باروت و
دەراغە بەتاڵەکامان بۆ دەمێنێتەوە

کۆتایی جه‌نگ
واته هه‌ڵواسینی چه‌که‌کانمان به دیواره‌وه
کردنه‌وه‌ی چۆکمان و
سپاردنی کۆڵه‌پشتییه‌کانمان
به ئازاره‌کانی غه‌ریبی
واته....
نووستنی دڵۆپێك ئاو
له دڵی زه‌ریادا
واته ژیان و ژیانه‌وه
له‌گه‌ڵ خاشه‌کانی پیرترین دره‌خته‌کاندا
کرانه‌وه‌ی په‌نجه‌ره‌کان و
فڕینی خه‌یاڵی شووشه‌کان
له به‌سته‌ڵه‌کترین ڕۆژی ڕێبه‌نداندا

له چوارچرای دڵمانه‌وه
چوار چرا داگیرسێنین و
چاوه‌ڕوانی چرایه‌ك بین
نووته‌کترین شه‌وه‌کان ڕووناك کاته‌وه و
پێمان بڵێ
یه‌ك و یه‌ك و یه‌ك و یه‌ك
هه‌ر ده‌کاته یه‌ك

کێ له پایژی ئه‌م خه‌ونه تێده‌گات
کێ له پایزه‌ڕێزی ئه‌م خه‌یاڵه تێده‌گات

ئێمە خاراوین و
کەس پایەناز بۆ
خەونە سپیەکانی ئازادی ڕاناخات.

کۆیە ١٣٩٤/٢/٢١

پایژی ( تەعبیری خەو)
گڵەوەز (خەنە تراویلکە ـ گل سنگ)
کەشیرە (پێکەوە لکاو)
گلیار (شکۆفەی هەنار)

# وشكه سه‌ما

بۆ پێشه‌وا قازی محه‌ممه‌د

له ته‌نیایی ئه‌م غوربه‌ته‌دا
دێیته‌وه ناو چاوه‌كانم و
ماچ بۆ لاپه‌ڕه ده‌سته‌وه‌ستانه‌كان ئه‌نێری
بۆ ئه‌وه‌ی به ژانترین قه‌سیده
به برك‌ترین شیعر و
به سوێ‌ترین په‌خشان بنووسمه‌وه.

من لێره‌م و
خه‌یاڵم لێزمه‌ی بارانێكه
خۆش ناكاته‌وه
من لێره‌م و
له‌و دووره‌وه خاكێك بانگم ده‌كا

بۆنی جەستەی شەهیدی لێ دێ
من لێرەم و
نزاکانم لە لەپی دەستەکانم بەولاتر ناگەن

ئەمەوە بە هەوری ئاسمانی مەهاباد
یادگارەکان وەك پەلکە گیای بەهاری
لە گیانما دەڕسکێنەوە
لە کوێن ئەو دەستانەی هیوایان چاند
کە ئەمڕۆ
لە کۆڵانە داگیرساوەکانی شاردا
خەم دابەش ئەکرێ و دڕکەزێیە.

زبانمان بە یادی ئاو لە گۆ کەوتووە و
ئاوێنەکان
بەرلەوەی خۆر هەڵبێت
مەدالیای مەرگ ئەدەن لە سینگیان و
کریستاڵیترین وێنەی خۆر
پێشکەشی شەوەزەنگ ئەکەن.

ئەمە سەرەتاتکەی غوربەتی من و
غوربەتی تۆفانە دامرکاوەکانە و
جوانیەکی جوانەمەرگە.

لە سەرپەنجەی منەوە تا مانگەشەو

له پێستی منەوە تا شیبا
له بێدەنگی منەوە تا زریکەی ئەو دیوی پەنجەرەکەم
فڕین مەودایەکە تا ئازادی
ئەوانەی له فڕین تێناگەن
ڕازەکانی ئاسمان ناخوێننەوە
سەر له سڕی هەورەکان دەرناکەن و
ئاشنای جەهەننەمێکن
ئەوینی تیا ئەسووتێنن
ئەوانەی گوێ له هەناسەکانی باخچە ناگرن
هەست بە دڵداریی خاك و گوڵ ناکەن
گوڵ بە دەستیانەوە هەڵئەوەرێ و
بۆنی ناکەن
ئەوانە ڕازی سەربەستیی خاك و
سەربەرزیی سێدارە نازانن
دۆڕاوی ژیانێکن
ڕۆژی هەزار جاریان له قەواخ ئەدات
کاتژمێریان تەمەنی حەقیقەت جواب ئەکات و
مێژوویان ئەستێرە ئینکار
پەنجە بەجێماوەکانیش له کۆڵان
خەوی شەوانەی ئەو دەروازانە ئەزڕێنن
چاوەڕوانیی کرانەوە ژەنگی پێهەڵێنان و
پیری کردن.

ئێمە له سەودای ئاوێنەشاردا و

دەستەکانی ئەوان
کۆڵی نووسینەوەی خەونە دزراوەکانمان
ئێمە لە قەدەری ئەنفالی نەورەسەکانمان نەبووینەتەوە
ئەوان نەفرەت لە ڕووناکی و ئەستێرە و ئاوێنە ئەکەن
پێکەکانیان نەیارانە لەیەك ئەدەن
شەوارە سەرخۆشی کردوون و
مەستانە پێدەکەنن
بەو ئەستێرانەی شوێنپێی مانگە شەویان هەڵکرد.

گەورەی شەهید
لەم ڕۆژگاری دڵەڕاوکێ و نائارامییەدا
تەرمی شەهیدەکانمان بەسەر دەستمانەوە ماوەتەوە و
کەس نییە شان بداتە بەر تابووتی خەونەکانمان

پڕی مێژووی ئەم عەشقە لاسارە
سەیری پەنجەرەکانی خۆرئاوابووغان کرد

بەچی ئەچێ
گەر نەفرەت لە هەموو پاکیزەییەك بکرێ
بەچی ئەچێ
گەر بە ئاسوودەیی
پاکییەکانی مرۆڤایەتی دادگایی بکرێن
لە بێدادگەی بێدادەکاندا
گەر بەهارەمان کوێرو لێی بدا و

هه‌وری نه‌زۆك دابباری
گه‌ر گوڵه هه‌میشه‌ییه‌كانی به‌هه‌شت
ببن به قردێله‌ی ئازادی
به لاجانگی پرچی كچانی نێو به‌سته‌ڵه‌كه‌وه

له برینه‌كانی ڕۆحم بڕوانن
ئه‌نجن ئه‌نجنی ڕۆژگارم و
شه‌وگار له‌سه‌ر پێڵووی چاوم هێلانه‌ی كردووه
بۆتیمارێكی قه‌راخی شێعرم
حه‌سره‌ت بۆ ئه‌و وشانه ئه‌خۆم
دار و سێداره، سه‌ر و قه‌واخ، ژیان و مه‌رگ،
ئازادی و شه‌هیدیان وێنا كرد.

گه‌وره‌ی شه‌هیدم
تۆ وه‌كوو كوڵی فرمێسك
له هه‌نسكه‌كانی دڵمه‌وه نزیكی
ساڵمان گڕ و وه‌رزمان گڕ و ڕۆژمان گڕ
ئاگر، ئاگر ناسووتێنێ
ئه‌مه ڕازی سه‌مای كڵپه‌یه

شیری مه‌مكی ئاگر خورایه‌وه
گڕكانی ڕق ته‌قایه‌وه
زه‌وی هه‌ناسه‌ی ساردی لێ بوو به توونی ئاگر

وەرەوە گەورەم
چیرۆکەکەت ناتەواو مایەوە
پێکمان ژار و
نۆشمان دار
چاوی شێعرمان بە باران و
تریشقەمان گێنگڵ ئەدا
وشە لە سینگماندا قەتیسە

وەرەوە
ئەم نیشتمانە نزایەکی خێری دەوێ
تۆ، کە لە ڕەنگی موعجیزەکانی خودای
تۆ، کە لە تۆرەمەی دەنگی ئەنەلحەقیت
تۆ، کە قەواخ لە دواهەناسەت شکۆفەی گرت
تۆی دڕ بە تاریکیی شەوەزەنگ بردوو
وەرەوە و پێیان بڵێ
ئێوە کێن؟!
هەڵگری چ ناسنامە و شەریعەتێکی پۆخڵن
کە نە وەرزتان لە ساڵدا ناوی هەیە و
نە ڕەنگتان لە هیچ وەرزێك ئەچێ
ئێوە
ساڵتان ڕەش و
وەرزتان ڕەش و
ڕۆژتان ڕەش و
مێژووتان ڕەشتر و

چاره‌نووستان قه‌ترانییه
ئێوه میراتگرانی هه‌ره‌سن

وه‌ره و پێیان بڵێ
له وانه‌فسای دڵه‌به‌ردینه‌کاندا
ئێمه هێشتاش سروودی عه‌شق و
نه‌غمه‌ی خۆشه‌ویستی ده‌چڕین.

# سكاڵا

ئەرێ خوایە تۆ لە كوێیت؟
لە مێژە خۆت لەم ئۆمەتەت گێل كردووە؟
ماندووی؟
لە سكاڵای بەندە ساكارەكانت!
یان لە دڕندەیی ئۆمەتە ڕاستەقینەكانت؟
پاڵت لێداوەتەوە و
ڕەنگە لە كەنارئاوەكانی هاوایی
ماندوویەتیت بە تیشكی نیانی خۆر دەرئەكەی
ڕەنگیشە بێزار... بێزار
لە دەنگی بۆمب و كاتیوشا
سەردانێكی دورگەكانی كەناریيت كردبێت
یان ...

هەرچی هەیە؛
لەم دەڤەرە نەماوی دڵنیام.
چ خەمت نەبێ
پاڵی لێدەوە
بنوو
نوێنەرەکانت لەسەر زەوی
موو بە موو، فەرموودەکانت
دەکەن بە نووکی شیر و فیشەکەوە
هەروەک جارەکەی جاران
بێ کەم و کووڕی.

بە قسەی من دەکەی مەیەرەوە
با لانیکەم
ناچار نەبی کاولکاری و
کوشتوبڕ و زەبروزەنگی ئۆمەتەکەت
وەئەستۆ بگری

گوتبووت لە هەموو شوێنێ هەم!
کە واتە
لە ناخی ئاگری هەموو بۆمبێکدا هەیت
لە بۆنی خەردەلی هەناسەبڕدا
لە نووکی فیشەکی هەموو جەنگاوەرێکتدا
لە تیزماڵکەی دەم خەنجەرە دەبانەکەیاندا
هەیت و... هەیت و

ناتوانی حاشای لێ بکەیت.

ئەری تۆ نەبوویت گوتت
لە پەنا گوێتان، پێتان نزیکترم؟
ئەوە تۆ بوویت
بە لاملی ١٧ کچە ئێزدییەکەوە
هەڵپڕووزایت؟
ئەری خوایە گیان دڵنیایت
تۆ نەبووی بە نووکی خەنجەر و کێردی
دەست داعشییەکانەوە دەبریسکایتەوە؟!

ببوورە، عەبدێکی گوێڕایەڵت نیم
لێت یاخیم و لێت نابوورم
ئاورێک لە ڕووبارە خوێنەکەی
بن پێچکەی تەختەکەت بدەیتەوە
ڕەنگە خۆشت لە خۆت یاخی بیت و
بێز لە خۆت بکەیتەوە.

بە قسەی من دەکەیت مەگەڕێوە

کۆیە ــ ١٣٩٦

# شه‌به‌نگێك له تریفه زیوینه‌كانی به‌فر

بۆ نه‌مر دوكتور سادقی شه‌ره‌فكه‌ندی

له‌ودیو دڵی چۆله‌كه‌یه‌كی كێوییه‌وه
دڵی پێیه ماندووكانم ناشت و
سه‌رم دڵنیا بوو
كه سه‌فه‌ره ئه‌فسووناوییه‌كانی په‌نجه‌م
چیتر به‌ره‌و وشه زیزه‌كانی شیعر ناڕۆنه‌وه و
به لێواری دیواره ڕووخاوه‌كانی ژیانه‌وه
به‌ره‌و ئاوه‌دانییه‌كانی به‌هه‌شت ڕۆیشتم

كه‌چی چه‌پكێك خه‌م
له ڕه‌نگی خه‌مه‌به‌ردینه‌كانی پووشپه‌ڕ
ڕۆحی ماندوومی
له ڕووباره سه‌رهه‌ڵگرتووه‌كانی غه‌ریبیدا خنكاند

ئەمێستاکە
لێوڕێژ لە ژان و مەرگ
بێوەختەهەناسەی دەم گریانێکی خەست
ئەمباتەوە بۆ ئەو ساتەوەختانەی
لە مندای و بۆنی غەریبیی من دەگریت

ئەمێستاکە
کۆڵانەکانی شارەکەم
خەو بە دڵەڕاوکێی پشت دەلاقەکانەوە دەبینن و
پادیواری لە گەرووی ڕێبواری شەودا
بێزوو بە خوێن ئەکات

کە من و هەناسەکانم
دوو ڕێبواری شپرزەی ئەم کاروانەین
ئێوە ئۆقرە و ئێوە هەدان
وەك ڕۆژ لە کەلی ئاواتەوە سەرهەڵئەدەن
لە چیاکانی چاوەڕوانیەوە ئاوا ئەبن
سەرهەڵدانتان زامە و ئاوا بوونتان ناسۆر
دڵداریتان خەمێکی خەستە و
چاوەڕوانیتان کوشندە
نیگاتان ئاشنا و سیحری پەنجەتان ئاشنا

باسی سەربووردەی ئەو گەڵایانە دەکەم
کە شەمشەمە کوێرەکانی تاران

له جه‌سته‌ی دارستانیان ڕنییه‌وه
که‌چی ئێمه له‌و بارانه ده‌گه‌ڕاین
که سه‌مای به جه‌سته‌ی دره‌خته‌کانی ئازادی ده‌کرد

ئه‌مه چیرۆکی که‌ڵه‌کێوییه‌کی باڵابه‌رزه
ئێواران وه‌ك تاڤگه‌یه‌کی به‌له‌ز
له‌و شاخانه ده‌هاته خواره‌وه و
ئه‌و ناوه‌ی پڕ ده‌کرد له هاژه
ئه‌مه چیرۆکی ڕووبارێکه
به‌یانیان به‌خوڕ تێده‌په‌ڕی و
قه‌ڵبه‌زه‌کانی عه‌شق و خۆشه‌ویستییان ده‌به‌خشییه‌وه
چیرۆکی مرۆڤێکه
باخه‌ڵی غه‌ریبانی پڕ ده‌کرد له عه‌تری لوولووپه‌ڕ
ئه‌مه ڕه‌نگی شێعرێکی باڵابه‌رزی کێوییه
بۆنی پنگه و هه‌زوێ و کاشمه‌ی لێ دێ و
ئه‌و ناوه پڕ ده‌کات له سه‌رابی بوونی خۆی
ئه‌مه کۆمه‌ڵێك وشه‌ی هه‌ڵبزرکاوی
ده‌م شنه‌باکانی ئازادییه
چه‌ند په‌یڤێکی ڕیزکراوی منه
به‌ده‌م ئازاره‌کانی ئاسمانه‌وه

خه‌رمانانم  تاڵه تاڵ
نۆته‌ی سه‌مفۆنییه‌ك ئه‌نووسێته‌وه
کاروانێ له خه‌ونی پاییزیی له‌ت‌وپه‌ت

باڵای غەریبیی خەمەکانم بژەنێ

گەر قاسملووی گلێنە مۆمی غەریبانی شار بوو
دوکتور سەعید شەبەنگێك بوو
شەبەنگێك لە تریفە زیوینەکانی بەفر
ئاوێزەی بەر هەتاوی ڕۆژهەڵات
پەلکەزێڕینەیەك لە هیوا و
چرای سەر هەڵەمووتی خۆشەویستی و وەفا بوو

ئەی ئاشناکانی سیحری نوور
چاوەڕوانم بن لە داهاتوویەکی نادیاردا
لە دوایین هەنگاوی سێبەرێکی شەکەتدا بۆم بگەڕێن
وەك دوایین دڵۆپی فرمێسکی مۆمێك
سەری ماندووتان نایە سەر جەستەی ساردەوە بوو
کات بە کات
هەناسە بە هەناسە
خاشە دائەکوتن لە هەستمدا و شین ئەبن
ئەبن بە لاولاو بە باڵای ئەوینمەوە باڵا ئەکەن
ئەستێرە کۆچەرەکان
بە ئاسمانی کام شاری ئەوینەوە
سەقامگیر ئەبن.

# ئاوەدانییەکانی بەهەشت

نزیکتر لە خودا
ئەستێرەکان لە ئامێزم دەگرن
شەو دەبێتە داڵدەدەر و
من مانگێکی گەڕیدەی
بەرهەیوانی شەوێکی ساماڵ
لە کەنارەکانی خەونی سپێدەدا

نزیکتر لە بەخشندەیی دەستەکانی
شاخەکان لە ئامێزم دەگرن
ڕووبار دەبێتە حەیرانێکی ئەبەدی و
من سەرمەدی دەبمەوە

پۆلێک پاساری بە دەورمەوە
پووزەوانەیەک و جامانەیەک
شەبەنگی مانگەشەو
لە ڕوومەتی سیخواری گوێسوانەی
ئەم بەهەشتەی سەرزەوی دەدات و
نزیکتر لە خودا
شەیدایی هەڵمدەگرێ
بەرەو ئاوەدانییەکانی بەهەشت.

بەردەسۆران/ بناری شاخی بەربزین/ڕێبەندانی ١٣٩٤

# ڕەنگەڕێژی چوارچرا

حه‌فتا ساڵه سپیداره‌كانی چوارچرا
شكۆفه ده‌گرن
پاییزانه‌ش گه‌ڵا گه‌ڵا
خه‌زان
سه‌ر به هێلانه‌ی پاسارییه سه‌رشێته‌كاندا ده‌كا
حه‌فتا ساڵه
باپووسكه
كراسی بووكێنیمانه و
به‌هارانه‌ش
بووكی سپێ پۆشی چوارچرا
ئامێز بۆ شكۆفه چاونه‌پشكووتووه‌كانمان ده‌كاته‌وه
٧٠ ساڵه

٢٨٠ وەرزە
بۆنی چەک و بۆنی barووت
له دەست و بینمان نابێتەوە
حەفتا ساڵە
سەرداره سەربەدارەکەی نیشتمان
گوێی بۆ نەغمەکانی ئازادی هەڵخستووە و
بە مەراقەوە لە بوغزی ئەو چاوانە ئەڕوانێت
کە هیچ لە مەراقی چاوەڕوانیی ئەودا نین
نامۆ نامۆ
دەستیان ناوەتە بینی سپیدارەکان و
لە جەستەیان
سێدارە بۆ لاوەکانی شاری سەرداری سێدارە هەڵدەخەن
قووڵە برینەکانی ئەم دڵە و ئەم جەستەیە
پێ بە پێی عەشق
ڕێگا سەختەکانمان بڕی
وەدوای داوی
کۆلارەی بەختەوەری کەوتین
شاخە و شاخ
بنار بە بنار
مێرگاو مێرگ
ئەستێرەمان چنییەوە و
ڕنگاڵی ئەم عەشقە لاسارەمان نۆشی
پەڕوباڵمان لێ ڕوا
باڵەوازە بووین و باڵمان گرتەوە

با باڵای «با» وه هه‌ڵزناین
حه‌فتا ساڵه ڕه‌نگه‌ڕێژه‌ی ئه‌م ئه‌سمانه ساماڵه بووین و
سێلکه خاکه‌کانمان تێراو کرد
ئێمه به‌رمووری به سیلان و شیلان ڕازاوه‌ی
به‌رۆکی نیشتمان بووین
به‌رینایی شۆڕشمان بڕی
وه‌جاخزاده‌کانی ئه‌م خاکه بێ‌نازه بووین
چه‌ک و پووزه‌وانه و جامانه
پێناسی عه‌شقه تاهه‌تاییه‌که‌مان بوو
ئێمه چه‌رده کچانی
پێشه‌نگی شۆڕشین

٢٤ی ڕه‌شه‌مه/ ١٣٩٤
٧٠ ساڵه‌ی دامه‌زراندنی یه‌کێتی ژنانی
دێموکراتی کوردستانی ئێران

# نەکەی پەنجەرەم لێ بکەیتەوە

بۆ دایکم

هەتا کوێ لەگەڵم دێیت
لە کام ساتەوەختی تەماویدا
ماڵئاواییم لێدەکەیت و
بە زریان و شەپۆلان ئەڵێیت
فەرموون
وا ئەم قەرەجە ماڵبەکۆڵەم
بە سەرە شێتەکەی خۆی و
دڵە فراوانەکەی ئێوە سپارد

تۆ هەڵوەدای هەڵوەدایی من نیت و نازانی
ئەفسوونی ئامێزی چ کەنارێك
بووە بە خولیای شەوانم

ببووره دایە
بەم هەموو برینەوە لە دەرکەت ئەدەم و
لێت دەبوورم
کە دەرکەم لێ ناکەیتەوە
ئەزانم بە بۆنی برینەکانم بێزار دەبیت
من عاشقێکی سەر بە سەفەرم و
گەڕانەوەم خەونێکی ژاراوییە

بە حەسرەتی باخچەکانت بڵێ؛
کیژم پێویستی بە خاکێك بوو بۆ ژیانەوە
بە ئاوێك بۆ ڕوین و
شنەبایەك بۆ گەشە
بڵێ؛ کیژم لە گومانی بوونی خۆیدا
ونبوویەکی جەستەی خەیاڵ بوو

ڕۆژانێك بوو پێت ئەوتم
دەستم ماچ کە لێت ئەبوورم
ئەودەمانەش باش ئەمزانی
بە بێ ڕاموسینی دەستەکانیشت لێم ئەبووریت
دەستەکانت لە دەستم نێ
با چەپکە چەپکە
گوڵە حەسرەتیی نێو شەقارەکانی ماچ کەم و
بە فرمێسکم پاراویان کەم

دەستەکانت لە دەستم نێ
با تێر تێر بۆنیان پێوە بکەم
بەڵکوو
هەندێ لە بۆنی
گوڵە ژاکاوەکەی ژینتی پێوە مابێ

بە مەلۆتکەی کامە ئازار شەتەکت دام
لە پێخەفی چ ژانێکا گەورەت کردم
هەلۆرکی کامە زامت بۆ هەڵبەستم
بەسۆزی چ حەیرانێ کرامە خەو
کامە هاوار لایەلایەی شەوانم بوو
کە تا ئێستاش
کراسێکە و بەباڵام بڕاوە
ئاخۆ کراسی خەمەکانت چەند هەراوە
کە لە تەمەنی مناڵیمەوە
دائەدڕی و نابڕێتەوە و
هەر لەخەما باڵا ئەکەم

لەوەتەی هەیت، ژان ئەبژێریتەوە و
لە بەرەژانی ئەم کیژەت نابیتەوە
لێم خۆش مەبە دایە
کراسی ئازارەکانی تۆ و خۆمم لێ گۆڕاوە
لێم ون بوویت و نازانم
لە برینی زامی کام خاکا

له نێرینەی ڕووباری کام خەما
بتدۆزمەوە
دەستەکانت بێنە
لێرەکانە دوو لەپی تەرازوو
پارەو دڵە...

لە فرمێسکی تۆوە تا چاوەڕوانیی من
زەمەنێك فەرامۆشی ئەدوێ
بە من بڵێ
چۆن ئەگەمەوە بە سروودی چاوەکانت
لە چوارچێوەی وێنەیەکدا
کە دیوار شانازیی پێوە دەکات

ئەمشەو لە دەرکەی ماڵەکەت ئەدەم
لێم مەکەوە
دڵە ساکارەکەی تۆ نازانێ
پەپوولە دەڵلاڵی گوڵە و
با سیخوڕی شەمشەمەکوێرە

بەسیە دایە
بەس پرچە سپییەکانت بڕنەوە
لەسەر دامێنی کراسە ڕەشەکەت
بوون بە نەخش و
سیمای ئازارەکانت ئەنوێنن

چەمەریی ژیانت ئەگێڕن

دایە گیان
تاوێ لەتەنشت ڕووباری ئازارەکانم دانیشە
هەناسەی خەمەکانم ببژێرە
تۆ ئەو زامە ئەبەدییەیت
باوەشت بە ئاواتە سووتاوەکانما کردووە
ڕۆحی ماندووم ئەلاوێنێ
تۆم لە نێڵەی مەشغەڵێکا لێ ون بووە
بە ئاگری ئەوین دایساوە و ناکوژێتەوە
تۆ ترپەی دڵێکی ماندووی و
لە ناخمدا هەستت ئەکەم
شنەی حەیرانێکی
لە کوولەکەی ئاوازێکدا دەنگت هەڵدێت
هاواری ئاخێکی خنکاوی
بەقەد هەستی هەستی خۆشم ئەوێیت
لە سۆزی غەریبی ئاوازەکانمدا
هەناسەت دێ و
غەریبانە لەناخمدا ئەبی بە ئاخ
من لە هەرەسی دەروونمدا
بێدەنگانە لەبێدەنگی تۆ ئەڕوانم

لێم ببورە
ئەو وڵاتەی بەئاوەنیا و ڕێحانە و شلێرەوە

سەری بە بناری ئاگرییەوە نابوو
وڕینەی دەم خەوێکی خۆش بوو
ڕازەکانت کۆن کەوتوون
وا خەریکم لە ڕووباری ئازارەکانما ئەخنکێم
لێم ببوورە
لە ئاوێنەی ژیانی تۆدا خۆم ئەبینم.

ئەمشەو من بارانم و
لە شووشەی پەنجەرەکەت ئەدەم
هێند دڵپڕم
تا بەیان خۆش ناکەمەوە
دڵنیام نامناسیتەوە
من ئێستاکە ساتێکی گڕتێبەربووم،
گۆرانیەکی تۆراوم و
پشتم لە ڕۆژە ژەنگ هەڵێناوەکان و
شەوە کەڕوو لێدراوەکان هەڵکردووە

نەکەی پەنجەرەم لێ بکەیتەوە
بە گوڵە نایلۆنەکانی سەر ڕەفەی ژوورەکەت بڵێ؛
کیژم لە هێڵکاریی سەر دیواری ماڵەکەمانەوە
تا دڵۆپە فرمێسکەکانی پشت پەنجەرەی
تا تینوویەتی ماسیە سوورەی نەورۆز و
تا وێنە تۆز لێنیشتووەکەی باوکی و
هەموو ئەو هەموویانەی

خورپەکانی ئاواتیان پێناسە کرد
سەرەڕۆیەکی سەر بە سەفەر بوو

بلّێ کیژم
بەرهەمی ئەفسانە خەیاڵاوییەکان نەبوو
ڕێبواری سەفەرێکی بێگەڕانەوەی تاهەتایی بوو
دیرۆکی خوێن و ئازادی،
شەهید و سەربەرزی ئەنووسێتەوە
بلّێ؛
کیژم پێشمەرگەیەکی کوردستانە.

# چرپەیەک بۆ تۆ

تۆشەبەرەیەک لە برین و
ئازاری ئەو ڕۆژانەی
ڕەشتر بوون لە شەوەزەنگ
بە شانمەوە
سەفەر بردمی
تا ئەوپەڕی نەگەڕانەوە
سەفەرم کرد
سەفەرێک بە بۆنی بەهار
تا ئەوپەڕی شەیدایی
پڕ بووم لە ئاواتی کەسک و
شنەی ڕێحانە
پەلەپەل مۆمێکم داگیرساند و

دڵتەنگییەکانم وەکوو پۆلێک پاساری
باڵیان گرتەوە

بەفر باری و نەباری...
ڕۆژ هەڵات و هەڵنەهات...
باران دایکرد و داینەکرد...
سەفەر کۆتایی پێنەهات و
ئاواتەکانم
بوونە باپووسکە
پەنجەکانم لەگۆ کەوتن
هەنگاوەکانم شل بوونەوە و
سۆمام بە ئاسۆوە ڕاما

پاییزێکی درەنگ بوو هاوڕێ
وامزانی دوا مەنزڵە و
سەرەتا بوو...
وامزانی ڕۆژە و
شەو بوو...
وامزانی گوڵە و...

مەخابن
دڵم نایە بە دڵتەنگی بتنووسمەوە

من لە تۆرەمەی پەرییەک بووم

نیوەی جەستەی با بوو
نیوەکەی دیکەی بۆران
دەستێکم هەتاو بوو
دەستەکەی دیکەم
نا....
دەستەکەی دیکەم هیچی تێدا نەبوو

ئەم بێشکەیە هەر ڕادەژەنرێت و
دەستەکانی پەری
بە دەسترازەی ئەم مێژووەوە شەتەک دراوەو
شل بۆتەوە

چرکەچرکی ئەم کاتژمێرە شێتم ئەکا و
زەمەن تێناپەڕێ
غوربەت بینم دەگرێ و
دڵم...
نا...دڵم
چیبکەم، دڵم نایە بە دڵتەنگی بتنووسمەوە.

# هەڵاڵە

بەسەر هەڵاڵەی تەرمی چەند شەهیدی دیکەدا تێپەڕم
هەتا دڵە بەبەرد بووەکەم
 تەزووی شێعر پێیدا گوزەر بکاتەوە
من ئەو شاعیرەم دڵم بووە بە بەرد
تۆیش وەکوو تەمەن ڕۆژێک کۆتاییت دێت
مردن زاری دائەپچڕێ و
پڕ بە گەرووی هاوار ئەکات
ژیان ڕێگە نادات
عاشق بیر لە مردن بکاتەوە.

# ڕه‌بوو

ئه‌مجاره‌یان
له خه‌یاڵی ئه‌سپێکه‌وه ڕێ ده‌که‌م
غار ئه‌دات و له‌سه‌ر پاشووه و سمکۆڵان ئه‌کات و
ئه‌حیلێنێ:
ژیان له به‌ڕێ کردنی هه‌ناسه‌کانی خۆی ده‌ترسێ
چ ڕه‌بوویه‌کی خنکێنه‌ره
کاتێ من له سواری خۆم ده‌گه‌ڕێم.

# سەمای جامانە

«پەخشانە شێعرێک بۆ خاکیپۆشانی وڵاتەکەم»

دەنگی پێتان لە ترپەی دڵی شار ئەچێت.
چەند ئاشنایە ترپە ترپی دڵی شار و خشپەی پێتان.
دەلاقەکان لە چاوەڕوانیی کرانەوەدا
خەو لە پێڵووی چاویان ڕەویوە.
کەروێشکەی هەواڵێکی دێرئاشنا
گوێی شار و دێ دەزرینگێنێتەوە.
تیزماڵکە خوێنی لێواری خۆرنشین
چرپەی گەڕانەوەی هەناسە تاسەبارەکانی پێیە و
مژدەی ئازادی،
دڵ بە دڵ، سینگ بە سینگ و نیگا بە نیگا دەفڕێت.

هۆ...هەڵۆ تیژباڵەکان،
له سەردانی ئەمجارەتاندا،
چەند زنەتان بەسەرکردەوە؟
تینوویەتی چەند ڕووبارتان شکاند و
پیرۆزبایی خۆڕاگریتان له چەند شاخی سەربەتەم کرد؟
ئێوە کە له تۆرەمەی خۆڕاگری و پیرۆزایەتیی و ئاو و ئاگرن،
بە شاباڵی خەیاڵی چەند دایکی شەهیدا هەڵزنان و
بوونە ئۆخژن؟
ئێوە ئۆقرە و ئێوە ئاوات و ئێوە سوکنان.
ئێوەن سەرنیاکەرەوەی قەڵای ورە و
هیوای بەرزی گەڕانەوە، و
ئێوەن سۆما و ئێوەن بڕوا و ئێوەن هەدا.

هۆ... بەورەکانی لە ڕەگەزی جەنگاوەرانی خۆرەتاو،
لەنگرێ بگرن با شاخ کڕنۆشتان بۆبەرێت،
سەرخەوێک بشکێنن با داربەڕووە پیرەکان داڵدەدەرتان بن،
لێوتان بە زنەی فێنکی نیشتمان تەڕ کەن،
لەگەڵ ڕەهێڵەی بەهاردا
دابارن
با کوردستان تینوویەتی بشکێ.
لە سەهەندێکدا وچانێک بەن
با دار و بەرد و شاخ تاسەی دیدارتان بشکێنن.

وەرزی ڕاسانە
خوێن جمانی وەرزی ئازادییە و
لرفەی خوێنی ڕۆڵە بەجەرگەکانی نیشتمان،
دەمارەکانی کوردستان دەهەژێنێت.
خوێن جمانی کۆتایی وەرزی تاسەبارییە و
هەناسەی ڕاسان لە شاخەوە شۆڕ ئەبێتەوە و
لە گوندەوە سڵاو بۆ شار دەنێرێت و شار دەجمێ.
دە هەستەوە ئەی شاری ئازار چەشتوو،
دە هەستەوە ئەی لانکەی خەبات.
سەیرکە!
بەرەنسکی ڕۆڵەی شەهید
بە سەمفۆنیی ترپەی پێی ئەم پۆلە جەنگاوەرە سوکنا
دەگرێ.
بڕوانە!
نزا و پاڕانەوەی دایکی شەهید
لەگەڵ هەر هەنگاوێکی ئەم شۆڕشگێڕانە
سەر لە ئاسانەی خودا دەسوێ.
دە هەستەوە ئەی خاکی دایک،
هەناسەیەک بدە،
خۆڵ لە چاوی مێژوویەک بکە،
سەرشۆڕیت بۆ تۆمار بکات.
نەینووکی چارەنووسی ئەم جەنگاوەرانە
تەنیا باڵانمای شەرەف و سەرکەوتنە.
هەستەوە و

نه‌فره‌ت له‌و بسته ئامێزه‌ی خۆت بکه،
خوێڕیگریی کردۆته دیرۆکی سه‌رشۆڕی و ملکه‌چی.
هه‌سته‌وه!
شلێره و گه‌زیزه بهۆنه‌وه و
له لفکه‌ی جامانه‌ی جه‌نگاوه‌ره‌کانتی هه‌ڵپێکه،
پنگه و کاشمه و هه‌زوێ بخه‌ره په‌ڕی شاڵیان و
به‌رامه‌ی مێخه‌کی هه‌ناسه‌یان ببه‌خشه‌وه.

هۆ... ئه‌ی ڕۆڵه نه‌به‌رده‌کانی سه‌رده‌می ڕاسان و ڕاسانه‌وه،
ئێوه که خشپه‌ی پێتان له ترپه‌ی دڵی شار ئه‌چێت!
تۆکمه‌تر هه‌نگاوه‌کانتان هه‌ڵگرن،
خوێن جمانی شاره و
سه‌مای جامانه
داڕێژه‌ری ئاهه‌نگی سه‌رکه‌وتن.
سه‌رچۆپیکێشی ئه‌م ڕاسانه‌ش دایکی نیشتمان.

ڕاسپێردراوانی ڕاسانی ڕۆژهه‌ڵات!
هه‌نگاو به هه‌نگاو
خاکی پیرۆزی نیشتمان
له دڕکه‌زێی چه‌ریکه په‌رستان ڕاماڵن.
وه‌ک تاڤگه‌یه‌کی به‌له‌ز
له‌و شاخانه‌وه داگه‌ڕێن و
هاژه‌ی په‌یامی سه‌ربه‌ستیی ئاربابا،
ئاویه‌ر، نه‌که‌رۆز، زاوابووک و ته‌ره‌غه

ڕندۆڵە، بووزی سینا، شاهۆ و بێستوون
زەڕنە و دالاهۆ
بە گوێی شاردا بدەن و
خەیاڵی ئەستێوری دێوەزمەی شەوەزەنگ
بە باپووسکەی دوایین بەفری تەمەنی بسپێرن.
داگەڕێن و بەورئاسا
نیگای داگیرساوی ژنە شەهیدێکی تریفەپۆش
بکەنە چراوگی ڕێگاتان و
خەو لە چاوی ئەستێرەکوژان بزڕێنن.

بڕوانن
نیشتمان بێزوو بە بوونتانەوە دەکات و
پەلکەزێڕینەی هیوای لەسەر هەڵبەستوون.
زایەڵەی سروودی «خوایە وەتەن ئاواکەی»تان،
وشکەساڵی بێهیوایی ئەتارێنێ و
قرمەی چەکتان
نێڵەی ئاگری شۆڕش بەتینتر دەکات.

هۆ... ئەی خاکی پۆشەکانی سەردەمی ڕاسان و ڕاسانەوە،
ئەی ئەو درەختانەی باخەڵتان پڕە لە باڵندە و
ئەو تاڤگانەی گیرفانتان پڕە لە ئەستێرە،
ئێوە کە خشپەی پێتان لە ترپەی دڵی شار ئەچێت!
ئێوە کە شەیدایی خەونێکێ بێگەرد
بەرەو ئاوەدانییەکانی بەهەشتتان دەبات،

داگەڕێن!
وا خوێن جمانی شارە و
سەمای جامانە
داڕێژەری ئاهەنگی سەرکەوتن.
سەرچۆپیکێشی ئەم ڕاسانەش
دایکی نیشتمان.